گـۆڤـاری زانـكۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(2).Paper23

ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: 02/01/2025
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 12/03/2025
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: 29/04/2025

# مینیماڵ پرۆگرام پەیوەست بە کۆمەڵەوشەوە لە زمانی کوردیدا

**خۆشناو عەزیز حەمەئەمین[١] - ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا[٢] - بازیان یونس محێدین[٣]**

bazyan.muhiadin@epu.edu.iq - rozhnan.noori@koyauniversity.org - khoshnaw.aziz@uor.edu.krd

[١]بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە،هەرێمی کوردستان ـ عێراق.
[٢]بەشی زمانی کوردی، فـاکـەڵـتیی پـەروەردە، زانکـۆی کـۆیە، کۆیە، هەرێمی کوردستان ـ عێراق.
[٣]کۆلێژی تەکنیکیی ئەندازیاری، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**پوختەی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە بۆ چێوەبەندیی چۆنیەتیی پەسنکردن و کارکردنی "**مینیماڵ پرۆگرام پەیوەست بە کۆمەڵەوشەوە لە زمانی کوردیدا**" تەرخانکراوە، هەوڵێکە ئامانجی خستنەڕو و شیکردنەوەی مێژو، بنەما و وردەکارییەکانی پرۆگرامەکە و هەندێك لە سیما و جیاوازییەکانیەتی لە قۆناغەکانی پێشوتری ڕێزمانی بەرهەمهێنان، لەگەڵ دیاریکردنی بەرچاوترین گۆڕانکاری و وەرچەرخانەکانی، هەروەها شیکردنەوەی پەیدۆزیش بۆ بەکاربردنی پرۆگرامەکە لە نواندنی دروستەی سینتاکسیی کۆمەڵەوشەکاندا دەکات، چونکە تاوەکو ئەمڕۆ زۆرجار خۆخەریککردن و لێتوێژینەوە بە زمان و زانستی زمانەوە لە کوردستاندا، وەک خولیا و ئارەزویەک سەیرکراوە، بە دەربڕینێکی دیکە کەمەکی پێڕەومەندانە توێژینەوە لە کۆمەڵەوشە و بنەماکانی کراوە، بە جۆرێك تاوەکو ئێستا نواندن و کارکردنی کۆمەڵەوشەکان پەیوەست بە بنەماکانی تیۆری بەرهەمهێنان و مینیماڵ پرۆگرامەوە بۆ خوێنەر ڕوننەکراوەتەوە.

لە ڕوانگەی ئەم بنەمایانەی پێشو، ئەم کارە مەبەستیەتی کنەوپشکنین بۆ نیشاندانی هەندێ لایەنی قۆناغێکی نوێی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە بکات، کە ئەویش مینیماڵ پرۆگرامە، لەگەڵ چۆنیەتیی جێبەجێکردنی بەسەر کۆمەڵەوشەوە لە زمانی کوردیدا.

توێژینەوەکە هەنگاوەکانی بەپێی ڕێبازی (پەسنیی شیکارانە) لەبەر ڕۆشنایی تیۆری بەرهەمهێنانی چۆمسکیدا ئەنجامدراوە. کەرەستەکانی توێژینەوەکەش لە کرمانجیی ناوەڕاست ـ شێوەزاری سلێمانییەوە وەرگیراون، لە پێناو بە ئەنجامگەیاندنی ئەم مەبەستە زانستییەش توێژینەوەکە بۆ سێ پار جیاکراوەتەوە:

لە پاری یەکەمدا تیشکخراوەتە سەر "هەندێ لایەنی تیۆری و نەخشەی مینیماڵ پرۆگرام"، پاری دوهەمیش بۆ "وەرچەرخان و هەندێ لە بنەماکانی مینیماڵ پرۆگرام" تایبەتکراوە، لە پاری سێهەم و کۆتاییشدا جێبەجێکەرانە لە "کۆمەڵەوشە لە چێوەی مینیماڵ پرۆگرامدا" توێژراوەتەوە.

لە دوتوێی توێژینەوەکەدا پێشەکی، ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوە سودلێوەرگیراوەکان، لەگەڵ ئەم پوختەیە بە ڕیزبەندیی زانستی خراونەتەڕو.

**وشە کلیلەکان:** مینیماڵ پرۆگرام، کۆمەڵەوشە، دروستە، پێکهاتەی فۆنەتیکی و لۆژیکی، پێڕەوی کۆمپیوتەری، بارفرێز.

# Minimalist Program Related to Collocation in Kurdish Language

**Khoshnaw Azeez Hama Ameen[1] Rozhan Noori Abdulla[2] Bazyan Yuns Muhiadin[3]**

[1]Department of Kurdish Language, College of Basic Education, University of Raparin, Rania,Kurdistan Region, Iraq
[2]Department of Kurdish Language, College of Education, University of Koya, Koya, Kurdistan Region, Iraq
[3]College of Erbil Technical Engineering, University of Erbil Polytechnic, Erbil, Kurdistan Region, Iraq

**Abstract**

This study is devoted to framing of how to describe "Minimalist Program Related to Collocation in Kurdish Language", aiming to address and analyze the history, principles, the detail of the Program and its distinguished characteristics from the previous stages of Generative and Transformation Grammar, along with the specifying of the most significant modifications and transitions. Furthermore, its analysis the use of the Program in the correct syntactical representation of collocation, whereas up to date; Studies and researches on language and linguistics in Kurdistan has been regarded as a hobby. In other words, little systematic research has been conducted on collocation and its principles.So far, the representation and functioning ofcollocation related to the Principles of Production Theory and minimal programs has remained unexplained.

Based on the foregoing principles, this paper aims to examine and explore certain aspects of a new stage of Generative and Transformation Grammar, which is “Minimalist Program”, and how to apply it on collocation in Kurdish language.

The Research is conducted according to the (Descriptive Analysis) Approach in the light of Chomsky's production theory. And; the research components are derived from the Central Kurmanji- Slemani dialect. In order to achieve this scientific purpose, the research has been divided into three sections:

The First section focuses on "Some Theoretical Aspects and the map of Minimalist Program", the Second section is dedicated to "Transitions and Some Principles of Minimalist Program", while the Third and the last section of this study, Collocation in the Framework of Minimalist Program has been practically explored. In this research, the Introduction, the Results and the bibliography, along with this Abstract are presented in a very scientific order.

**Keywords:** Minimalist Program, Collocation, Structure, Phonetic & Logical Form, Computational System, Bare Phrase.

## پێشەکی

مینیماڵ پرۆگرام، وەک قۆناغێک لە قۆناغەکانی درێژەپێدانی تیۆری دەسەڵاتو بەستنەوە ڕوانگەیەکی نوێو پێشکەوتوتری بۆ پەسنکردن و شیکارییەکان خستوەتەڕو، کە لێکدانەوەی پراوپڕ و تەواوەتی (Full Interpretation) بۆ هەمو کەرەستەکان دەکات، هەروەها ڕێگری لە کەرەستەی زیادە دەکات، کە لە نواندنی دروستە سینتاکسییەکاندا دەربکەون، ئەمەش بە کردەی لابردن یا سڕینەوە ئەنجامدەدرێت، هەروەها ئەلەمێنتی دروستەکان لەم ڕێبازەدا بەهۆی کردەی سینتاکسی ئاشکرا و پاساودانی سیمانتیکییەوە لێکدەدرێنەوەو فۆڕمی فۆنەتیکییان پێدەدرێت. هەر چۆنێک بێت مینیماڵ پرۆگرام قۆناغێکی نوێیە لە ڕێزمانی بەرهەمهێنانو گواستنەوەدا، کە لە لایەن چۆمسکییەوە بانگەشەی بۆ کراوە، وەک پەرەسەندنێکی نوێی تیۆری بەرهەمهێنان.

### ٠ . ١: ئامانج و بواری توێژینەوەکە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە پەسنکردنی قۆناغێکی نوێی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەیە، ئەویش مینیماڵ پرۆگرامە، بە واتا ئەم توێژینەوەیە دەبێتە هەوڵێک بۆ نیشاندانی مێژو، بنەما و چۆنیەتی جێبەجێکردنی یاساکانی ئەم قۆناغە تایبەت بە نواندنی دروستەی کۆمەڵەوشە و پێکەوەهاتن لە زمانی کوردیدا، چونکە یەکێک لە بنەما هەرە دیارەکانی مینیماڵ پرۆگرام ئەوەیە، کە یاسا و ڕێسایەکانی بەسەر هەمو زمانەکاندا جێبەجێدەکرێن، بێئەوەی پێوەندیی نێوانیان بشێوێت، بە گشتی بواری ئەم توێژینەوەیە سینتاکسە، کە ئەم دو لایەنەی لەخۆگرتوە:

**یەکەم:** لایەنی تیۆریی مینیماڵ پرۆگرام، بە گشتی لایەنی مێژوی سەرهەڵدان و چەمك و زاراوە و گرنگترین جیاوازییەکانی لە قۆناغەکانی بەر لە خۆی خراوەتەڕو، بە واتا هەوڵدراوە بنەما وردەکانی بەکارهێنانی ئەزمونبەندییانەی پرۆگرامەکە شیبکرێتەوە.

**دوهەم:** لایەنی سینتاکسیی جێبەجێکەرانە، کە زیادتر گرنگیی بە جێبەجێکردن و چۆنیەتیی بەکارهێنانی بنەماکانی مینیماڵ پرۆگرام لە کۆمەڵەوشە و پێکەوەهاتن دراوە.

### ٠ . ٢: گرنگیو هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

ڕێزمانی پەسنکراوی بەردەست لە زمانەوانیی کوردیدا کەمەکی نەبێت ناپێڕەوبەندانەیە، بەڵام ئەمڕۆ زمانەکانی دونیا شیدەکرێنەوەو پەسندەکرێن و هەمو ئاست و پێکهاتە جیاوازەکانیان پێڕەوبەندانە لەبەر ڕۆشنایی تیۆر و قوتابخانە نوێیەکاندا دەخرێنەڕو، بۆیە گرنگی ئەو توێژینەوەیە خستنەڕوی قۆناغێکی نوێی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەیە لە زمانی کوردیدا، کە ئەویش مینیماڵ پرۆگرامە، هەروەها جێبەجێکردنیشی پەیوەست بە کۆمەڵەوشەوە بابەتێکی گرنگە، چونکە وەک ئەوەی بزانرێت ئەم بابەتە نەبوە بە هەوێنی توێژینەوەیەکی سەربەخۆ.

### ٠ . ٣: ڕێباز و کەرەستەی بەکارهێنراو:

لە پێناو پەیدۆزیی ڕەوشی توێژینەوەکە و هێنانەدی ئەنجامە زانستییە خوازراوەکان، ڕێبازی نوسینەوەی (پەسنیی شیکارانە) لەبەر ڕۆشنایی تیۆری بەرهەمهێنانی چۆمسکیدا بەکاربراوە. کەرەستە و نمونەکانی توێژینەوەکەش لە شێوەزاری (سلێمانی) لە دیالێکتی کرمانجیی نێوەڕاست و سەرچاوە بەکارهێنراوەکانەوە وەرگیراون.

### ٠ . ٤: پرس و گریمانەی توێژینەوەکە

#### گریمانەی توێژینەوەکە لەم پرسانەوە بەرهەمهێنراوە:

مینیماڵ پرۆگرام چییە؟ گرنگترین وەرچەرخان و گۆڕانکارییەکانی پرۆگرامەکە کامانەبون؟ هەروەها هۆکاری ئەم گۆڕانکارییانە لە پرۆگرامەکەدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟ لەگەڵ پرسی کۆمەڵەوشە چییە و چۆن ناودەنرێت و دەناسێنرێت؟ مێژوی سەرهەڵدانی لە زانستی زماندا بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟ پاشان چۆن دروستەی کۆمەڵەوشەکان بەپێی ئەم پرۆگرامە

شیدەکرێنەوە؟ بە واتا تا چەند ئەم پرۆگرامە لەبار و شلکەییە (Flexiablity) بۆ نواندنی دروستە سینتاکسییەکانی کۆمەڵەوشەکان لە زمانی کوردیدا.

چەندین پرسی دیکە لە دوتوێی شیکردنەوەکاندا دەوروژێنرێن و هەوڵدەدەین بە پاسادانی زانستی گریمانەی توێژینەوەکە ئەزمونبەندبکەین.

**٠ . ٥: ئاستەنگەکانی بەردەم کارەکە**

کارکردن لە بارەی تیۆرییەکی تازە ئاڵۆز و قورسە، تایبەت بۆ زمانەوانیی کوردی، کە گرفتی سەرچاوە و یەکنەبونی زاراوە زانستییەکانی هەیە، ئەم لایەنە بۆ بابەت و بوارێکی وەک مینیماڵ پرۆگرام، کە توێژینەوەی کەمی لە بارەوە کراوە زۆرترە، بۆیە لە دەستپێکدا کەمی سەرچاوە یەکێک لە گرفتەکانمانبو، هەروەها فرەزاراوەیی لەگەڵ تێگەیشتن‌و وەرگێڕانی سەرچاوە بیانییەکانیش گرفتێکی دیکەبو.

**٠ . ٦: دروستەی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە، دوای ئەم پێشەکییە و پوختە لە سێ پار و ئەنجامە بەدەستهاتوەکان، لەگەڵ ڕیزکردنی ئەو سەرچاوانەی بۆ ئەنجامدانی سودیان لێوەرگیراوە پێکهاتوە.

**پاری یەکەم:** بە ناونیشانی "**هەندێ لایەنی تیۆری و نەخشەی مینیماڵ پرۆگرام**"ەوەیە، کە لێکدانەوەکانی بۆ لایەنە تیۆرییەکانی مینیماڵ پرۆگرام لە ڕوی: زاراوە و مێژوی سەرهەڵدانی، مینیماڵ لە نێوان تیۆر و پرۆگرامدا، لەگەڵ نەخشەی کارکردنی تەرخانکراوە.

**پاری دوەهەم:** بۆ باسکردنی "**وەرچەرخان و هەندێ لە بنەماکانی مینیماڵ پرۆگرام**" تایبەتکراوە، کە تیشک خراوەتە سەر وەرچەرخان و جیاوازییەکانی مینیماڵ لەگەڵ قۆناغەکانی پێشوتری ڕێزمانی بەرهەمهێنان، هەروەها پێڕەوی ژمێرکاریی زمانی مرۆڤ و گرنگترین بنەماکانی، جگە لەوانەش ئاماژە بە پێکهاتەی فۆنەتیکی و لۆژیکی دراوە، وەک دو لایەنی گرنگ و جێگرەوە لە مینیماڵ پرۆگرامدا.

**پاری سێیەم:** لایەنی جێبەجێکەرانەی کارەکەیە، کە "**کۆمەڵەوشە لە چێوەی مینیماڵ پرۆگرامدا**" دەگرێتەخۆ، سەرەتا زاراوە و مێژوی سەرهەڵدانی کۆمەڵەوشە لە زانستی زماندا، لەگەڵ ناساندن‌و تایبەتییەکانی نیشاندراوە، ئینجا هاتوەتە سەر چۆنیەتیی دەرکەوتن و کارکردنی کۆمەڵەوشە لە مینیماڵ پرۆگرامدا و جیاوازیی نواندنیان لەم پرۆگرامە و تیۆری X-باردا بە نمونە و هێڵکارییەوە، بە واتا لەم بەشەدا هەوڵدراوە پرۆگرامەکە ببرێتە ئاستی شیکردنەوەی کۆمەڵەوشە لە زمانی کوردیدا.

**پاری یەکەم**

**هەندێ لایەنی تیۆری و نەخشەی مینیماڵ پرۆگرام**

**١ . ١: چەمك** و **زاراوەی مینیماڵ پرۆگرام**

سەرەتاکانی ڕێبازی گوێزانەوە بە دەرچونی کتێبەکەی (چۆمسکی) بە ناوی (دروستە سینتاکسییەکان - syntactic structure) دەستپێدەکات، لەم ساڵانەی دواییشدا ئەم ڕێبازە زۆر بەخێرایی پەرەیسەندوە، کە چۆمسکی خۆی و سەدان کەلەزمانەوان بەشدارییان تێدا کردوە، لە ئەنجامیشدا تا ئەمڕۆ چەندین تیۆری بچوکتر، بە ناوی >>وەچەتیۆری - Sub theories<<یەوە لە سایەیدا بۆ لێکدانەوە و ڕونکردنەوە و خستنەڕوی ڕوەکانی سەریهەڵداوە، واتە ڕێبازی گوێزانەوە بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە، هەر قۆناغێکیش لە چوارچێوەی گشتیی ڕێزمانی گوێزانەوەدا، بە ڕێبازێکی سەربەخۆ و پڕکەرەوەی کەموکوڕییەکانی پێش خۆی دەژمێررێت، هەروەها تیشکی نوێ دەخاتە سەر سروشتی زمان و زاراوە و تەکنیکی تایبەتیی خۆی هەیە (ئەمین، ٢٠١١: ٢٥ - ٢٦).

>>مینیماڵ پرۆگرام<<یش ڕوانگەیەکی نوێ و پێشکەوتوتری لە تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان گوێزانەوەدا هێنایەکایەوە، لە ڕوی زاراوەوە بەرانبەر >>Minimalist Program<<ی ئینگلیزییە، کە کورتکراوەکەی (MP)یە، لە زمانی کوردیشدا بە هەریەک لە >>بچوکترین بەرنامە<<، >>بچوکترین پرۆگرام<<و>>بەرنامەی کەمینە<<، لەگەڵ زاراوەی وەرگیراوی >>مینیماڵ پرۆگرام<<یش ناسراوە. سەبارەت بە زاراوە کوردییەکان ئەوا لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە هاتونەتە نێو فەرهەنگی زمانی کوردییەوە، چونکە وەرگێڕان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و سازکردنی وشەی نوێدا گواستنەوەی زاراوەی بیانی بۆ زمانی کوردی، بە ماناکەی نەک زاراوە و دەربڕاوەکەی. لێرەدا وەرگێڕە کوردەکە زاراوەی ئەوتۆی بۆ هەڵدەبژێرێت، کە بە مانا بەرانبەر بە زاراوە بیانییەکە بوەستێتەوە (غەریب، ٢٠١٢ : ٣١)، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لە >>بچوکترین پرۆگرام<<دا تەنیا یەکێک لە وشەکان بۆ وشەی بەرانبەر لە کوردیدا گۆڕاوە، بە واتا موتوربەی وشەیەکی کوردی بە ئینگلیزی کراوە، هەروەها لە وەرگێڕانی ئەم زاراوەیەدا پێڕەوی سەرەوریزبونی ئینگلیزییەکە کراوەتەوە، چونکە مەبەست لەم پرۆگرامە ئەوەیە کە بگوترێت: بەرنامە/ پرۆگرامی بچوکترین، نەك ئەوەی پرۆگرام/بەرنامەیەك بچوك بێت! هەرچی >>مینیماڵ پرۆگرام<<یشە، ئەوا هەر لە زاراوە ئینگلیزییەکە >>مینیماڵست پرۆگرام<<ەوە وەرگیراوە، بە ڕێگەی وەرگرتنی وشە و زاراوە لە زمانانی دیکەوە، بەڵام زاراوەی >>Minimalist<< بە مینیماڵیست وەرنەگیراوە، بەڵکو کراوە بە >>مینیماڵ<<، چونکە هەر وشەیەك، کە لە زمانێکی بێگانەوە دێتە نێو کوردییەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەری و گۆڕانی دەنگناسی و مۆرفۆلۆژییەوە، هەروەها پاشگری {ـ یست (ist-)}یش لە کوردیدا نییە، بۆیە بوە بە >>مینیماڵ<< (قادر، ٢٠١١: ١).

بە گەڕان و وردبونەوە لە توێژینەوەو نوسینە ئەکادیمییەکان دەردەکەوێت، لە ئەمڕۆی زمانەوانیی کوردیدا هەمو زاراوەکان لە کاردان و بەرچاوەدەکەون، ئەمەش بۆ خۆی یەکێک لە گرفتەکانی زمانەوانیی کوردی و بواری توێژینەوەیە، چونکە نابێت دیاردە و بابەتێک زیادتر لە زاراوەیەکی هەبێت، لەم توێژینەوەشدا زاراوەی >>مینیماڵ پرۆگرام<<پەسەندکراوەو بەکاردەبرێت.

## ١ . ٢: مێژوی سەرهەڵدانی مینیماڵ پرۆگرام

سەرەتای سەرهەڵدانی مینیماڵ پرۆگرام و دەرکەوتنی بنەماکانی بۆ وتارێکی چۆمسکی لە ساڵی (١٩٨٩)دا و چەند وتارێکی دیکە لە بارەی ئابوریکردن و نواندنی دارشتنەوە دەگەڕێتەوە ، ئەگەرچی بە گشتی دوای ئەوەی وتاری ( A Minimalist Program For Linguistic Theory) لە ساڵی ١٩٩٢ لەگۆڤاری (M.I.T.) چاپکراوە سیماکانی ئەم بەرنامەیە بەدەرکەوتوە (دزەیی، ٢٠١٣: ١٢٠)، بەڵام وەکو قۆناغی مێژویی دەتوانرێت، کە بە دوای ساڵی ١٩٨٦ دەستپێکی بۆ دابرێژین، هەرچەندە ساڵی نەوەدەکان گەشەی زیادتری بەخۆوە بینیوە، بەڵام لە ڕوی مێژووەوە دەبێت دو شت لەبەرچاوبگرین، یەک: ئەم تیۆرە لە گەشەو گۆڕانی بۆچونەکاندا بەسەر چەند قۆناغێکی وەکو: ١٩٩١، ١٩٩٢، ١٩٩٥، ١٩٩٦، ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ دابەشدەبێت، دو: هەندێ لە زاراوەکان لەوانەیە ناوەرۆکی خۆیان پاراستبێت، بەڵام وەکو زاراوە زاراوەی نوێیان بۆ دارێژراوە (قادر، ٢٠١٠: ١٠٠ـ١٠١)

هەر چۆنێک بێت، مینیماڵ پرۆگرام قۆناغێکی نوێی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەیە، هەوڵێکی دیکەیە بۆ ڕێزمانی سەراپا (UG) لە پێناو کەمکردنەوەی سنوری جیاوازیی نێوان زمانەکان، هەروەها هاتنەئارای لە ئەنجامی ئەو کەموکوڕییانەوەبوە، کە لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە (GB)دا هەبون، لەگەڵ ئەو هەمو ئاست و مۆدیولانەی تیۆرەکەیان لێپێکهاتبو، کە بە هۆیانەوە تیۆرەکە ئاڵۆزبوبو، بۆیە جێگەی خۆیەتی ئاماژەبدرێت، بەوەی مینیماڵ پرۆگرام لەگەڵ ئەوەی لە ساڵانی (90)ەکاندا بڵاوبوەتەوە، بەڵام لە کۆتایی ساڵی (80)کانەوە بیرۆکەکانی مینیماڵیزم (Minimalism) لای چۆمسکیی سەریهەڵداوە، بۆ نمونە بیرۆکەی لێکدانەوە/ ڕاڤەکردنی پڕاوپڕ/ تەواو ( Full Interpretation)، ئابوری لە داڕشتن و نواندندا، ڕێساکانی ئابوری لەگەڵ مەرجی کەمترین وزە (Least Effort)،

هەروەها ڕێسای لێکدانەوەی پڕاوپڕ لە ساڵی (1986) لە لایەن چۆمسکییەوە ئاماژەپێدراوە، کە بەپێی ئەم ڕێسایە نابێت هیچ ئەلەمێنتێکی زیادە لە دروستەی ڕستەدا هەبێت. هەروەها ڕێسای ئابوریش بە مەرجێکی زۆر گشتی دادەنێت بۆ نواندنەکان و داڕێژراوەکان، کە هەتا دەکرێت ئابوریانە بێت، واتە نواندنی دروستە سینتاکسییەکان لە ئەلەمێنتە پێویستییەکان زیادتر نەگرێتەخۆی (قادر، ٢٠١١: ١٨ ـ ١٩).

لەم ڕونکردنەوانەی پێشوەوە دەردەکەوێت، پێش ساڵی ١٩٩٠و بە دواوە، بنەماکانی وزەپاراستن و دواچارە بون بە بەردی بناغەی دانانی تیۆرێکی سینتاکسی، کە بە ڕوخسارێکی گرنگی نواندنە سینتاکسییەکان دادەنرێت. سەرەڕای ئەو پێویستییە، دەبو سینتاکس یاساکانی بەپێی تواناداری بنەماکان دابمەزرێنێت، کە دژی هەنگاوە زیادەکانی داڕشتنەکانو ئەلەمێنتە زیادەکانی نواندنەکانە (ڕەسوڵ، ٢٠١٣: ٦٧)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە چۆمسکی لە مینیماڵدا هەوڵیداوە بۆ کەمکردنەوەی سنوری جیاوازیی نێوان زمانەکان، یاخود گونجاندنی زمانەکان لەگەڵ ڕێساکانی ڕێزمانی سەراپا لە ڕێگەی کەمکردنەوەی ژمارەی پارامێتەرەکان و زیادکردنی ژمارەی ڕێسا و یاساکان، لەم پێناوەشدا زۆربەی تایبەتمەندیی زمانەکان لەکاردەخات و ڕوەو گشتگیریکردنی ڕێسا ڕێزمانییەکان دەچێت (قادر، ٢٠١١: ١٨)، هەر ئەمەشە وایکردوە، چۆمسکی لەم ڕێباز و قۆناغەدا پێشنیازبکات، نەخشەی سینتاکسی لەسەر بنەمای چەمکی پێویستیی تەواو ( conceptual necessity Virtual) دابنرێت و بڕوات (Heine, & Narrog, 2010: 490)، ئەوەی شایانی ئاماژەبۆکردنە لێرەدا ئەوەیە، کە ماوەی ١٩٩٣ تا ١٩٩٥و دوای ئەو قۆناغە، کە بە مینیماڵ پڕۆگرام ناودەبرێت و ناسراوە، بەرهەمهێنان بە ئاڕاستەیەکی تیۆری دیکەدا دەڕوات، ئەویش هەوڵێکە بۆ ئابوریکردنی گشتی و کەمکردنەوەی تایبەتییەکان، کە ئەمەش لە کردەکانی داڕشتن و نواندندا لە هەمو ئاستەکانییەوە بە قۆناغ دەردەکەوێت. چۆمسکی ئەو ئاڕاستە گشتییە بە شێوەیەک کورتدەکاتەوە، کە ڕەگەز و هۆکارەکانی دەربڕین بە کەمترین شت و کەرەستەبێت، ئەم ئاڕاستەیەش بنەمای وزەپاراستن لەخۆدەگرێت، واتە هەوڵدەدات واز لە هەمو کەرەستە زیادەکانی نواندنەکان و کردەکانی داڕشتن بهێنێت (Chomsky, 1995: 130) ئامانجی سەرەکیی چۆمسکیش لە لایەکەوە دورکەوتنەوە و کەمکردنەوەی ڕەخنەکانی ئاڕاستەی دەکران، لە لایەکی دیکەشەوە بۆ دیاریکردنی ساناترین بنەمای توێژینەوەیە لە زمانی مرۆڤ، بەو واتایەی "مەبەستی گشتیی چۆمسکی لە مینیماڵ پڕۆگرام بریتییە لە دروستکردنی تیۆرێکی ڕێزمانی بۆ زمانی مرۆڤ، کە داوای ئەوە دەکات ئەو بابەتانەی دەربارەی زمانی مرۆڤن، هەتا دەتوانرێت سادە و گشتی بن" (قادر، ٢٠١١: ١٩).

## ١ . ٣: مینیماڵ پڕۆگرام لە نێوان پڕۆگرام و تیۆردا

بە مەستی دیاریکردنی پڕۆگرامبون یا تیۆربونی مینیماڵ پڕۆگرام، ئەوا پێویستیمان بە چەمکی تیۆر دەبێت، واتە دەبێت لە چەمک و پێناسەی تیۆر تێبگەین، بزانین مەبەست لە تیۆر چییە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش دەکرێت، بگوترێت: تیۆر کۆمەڵێک چەمکو پێناسە و پێشبینی و گریمانەی نەسەلمێنراوە، سەبارەت بە دیاردەیەک یا دۆخێک، بە مەبەستی زیادتر ڕونکردنەوە و ڕاڤەکردنی دیاردەیەک یا دۆخ و بابەتێک، لە پێناو چاکترکردن یا بەرەوپێشبردن و گۆڕینی دیاردەکە، یا دۆخەکە بۆ دۆخ و بارێکی باشتر و گونجاوتر (عبدالحمید، ٢٠٠٤: ٣٩١)، یاخود لە ڕوی چەمکەوە تیۆر، بریتییە لە کۆمەڵێک چەمك و پێناسە و پێشبینی نەسەلمێنراو، کە دیدگا و تێڕوانینی ڕێکخراوەمان سەبارەت بە دیاردەیەک یا بابەتێک پێدەدات، لە ڕێگەی دیاریکردنی پێوەندییە جیاوازەکانی نێوان گۆڕاوەکانییەوە بە مەبەستی ڕونکردنەوەو ڕاڤەکردنی بابەتەکە، یا پەیبردن بە دیاردەکە لە داهاتو و چارەسەرکردنی دۆخەکە (قادر، ٢٠٢٠: ١٨).

ئەوەی لەو پێناسانەوە دەردەکەوێت، کە تیۆر بە گشتی یاریدەدەرە بۆ پەیبردن و پێشبینیکردن، بونیادەکەشی ئامانجی کۆتایی زانست پێکدەهێنێت، بەڵام مینیماڵ پڕۆگرام هەوڵێکی نوێیە بۆ ڕێزمانی سەراپا و تەواوکەر یا ڕاستکەرەوەی قۆناغەکانی بەر لە خۆیەتی، هەروەها "مینیماڵ پڕۆگرام (MP) هەروەك لە ناونیشانەکەیەوە دیارە، ئەوە دەردەکەوێت،

که پرۆگرامێکه هەتا ئەوەی، کە تیۆرییەکی تەواوبێت، واتە MP وەك پێرەوێکی سەرەتایی یان پێنەگەیشتو وایە (قادر، ۲۰۱۱: ۱۸)، چونکە چۆمسکی خۆی جەختی لەوە کردوەتەوە، کە پرۆگرامەکەی نەگەیشتوەتە ئاستی تیۆر (دزەیی، ۲۰۱۳: ۱۲۱)، ئەمەش بەهۆی ئەوەی مینیماڵ گۆڕانێک نییە لە ئاڕاستەی توێژینەوەی زمانی، بەڵکو تەنیا بەرەوپێشچونە لەم بوارەدا، ئەمەش گەشەیەکی سروشتییە، چونکە هەر دەبێت بە ئەنجامی دیاریکراو و سروشتی بگەین لە ڕێگەی ئاڕاستەیەکی نوێوە، کە بە بەردەوامی تیۆری بەرهەمهێنەر هەوڵدەدات بنەماو کەتیگۆرییەکی سادە و گشتی دەربارەی زمانی گشتیی مرۆڤایەتی بخاتەڕو (ابو عاصي، ۲۰۰۷: ۱۵۷ ـ ۱۵۸)، بە گوتەیەکی دیکە گۆڕینی زاراوەی >>تیۆر<< بۆ >>پرۆگرام<< سەنگی خۆی هەبو، ئەمەش بە هێنانەئارای پرۆگرامێک، کە هەندێک نیشانەی دەرکەوتوی لێدەکەوێتەوە، کە توێژەر و زمانەوان بە هۆیەوە دەتوانێت شێوەیەکی هەڕەمەکی بە توانست و لێهاتویی زمان ببەخشێت، ئەویش بە دەستپێکردنێکی سادە لە سوچ و گۆشە جیاوازەکانەوە (Cedric, 2006:95).

بە دەربڕینێکی دیکە دەکرێت، بگوترێت: مینیماڵ چوارچێوەیەکە بۆ ئەوەی چەندین تیۆری جیاوازی تێدا بخرێتەڕو، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە مەبەستی چۆمسکی ئەوەیە، کە ئەم پرۆگرامە کۆمەڵێک پرسی گرنگ بخاتە بەر باس، کە ئەوەندە فرەوانن دەکرێت لە چەندین ڕوانگەی جیاوازەوە توێژینەوەیان لە بارەوە بکرێت، هەر ئەم فرەوانیو فرە ڕەهەندییە وایکردوە، کە زاراوەی پرۆگرامی لە بری تیۆری بۆ بەکاربهێنرێت (عەزیز، ۲۰۲۳: ۲۳).

لەم ڕونکردنەوانەی پێشو دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی مینیماڵ پرۆگرامەو نەگەیشتوەتە ئاستی تیۆر،هەوڵیکی دیکەیە بۆ ڕێزمانی سەراپا، هەروەک ئەوەی (سیدریک ـ Cedric)یش لە کتێبەکەیدا (Linguistics Minimalism) جەختی لەوە کردوەتەوە، کە مینیماڵ پرۆگرامە نەوەک تیۆری، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە توێژینەوە لە بارەی چەندیەتی و چییەتیی زمانەوە بکرێت، بۆیە بە پێچەوانەوە تیۆرێکی سنورداركراوی زمانی نییە (بڕوانە: Cedric, 2006: 87 – 109).

جێگەی ئاماژەپێدانە، کە (عومەر ئەحمەد عەزیز)یش لە تێزی دکتۆراکەیەدا، سەرباری نیشاندان و ڕونکردنەوەی زاراوەکانی >>پرۆگرام<<، <<تیۆر>> و >>مۆدێل<< پشتبەست بە چەندین بۆچون و لێکدانەوەی جیاواز، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە پرۆگرام لەبەر چەند هۆکارێک لە بری تیۆری بەکارهێنراوە، بە تایبەت کاتێک بەرنامە بۆ توێژینەوە لە تیۆر فرەوانترە، هەروەها پرۆگرام دەخرێتەڕو بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە توێژینەوەی جیاواز بکرێت، لە لایەکی دیکەشەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە زاراوەی تیۆری نێو پرۆگرام، جیاوازە لە تیۆر لە دەرەوەی پرۆگرام، بەو پێیەی پرۆگرام خۆی نەبوەتە تیۆر، دەبێت تیۆریش لە چوارچێوەی پرۆگرامەکەدا بەکاربهێنرێت، هەروەها کۆتایی داخراوی نییە و ئەگەری گۆڕانی زۆرە و نەسەلمێنراوە، بۆیە دەکرێت گەشەی پێبدرێت و بسەلمێنرێت (بڕوانە: عەزیز، ۲۰۲۳: ۲۳ ـ ۲٦)، کەواتە تاوەکو ئێستا تیۆرێکمان نییە، بە ناوی مینیماڵەوە، بەڵکو ئەوەی هەیە پرۆگرامێکە، کە چەندین تیۆر لەخۆدەگرێت و لە قۆناغی بەرەوپێشچونداییە.

بەم شێوەیە ئەوەی ماوەتەوە بگوترێت: لێرەدا پرسیارێك دێتەئاراوە ئەویش ئەوەیە، ئایا MP هەر بە پرۆگرامی دەمێنێتەوە، یان دەبێت بە تیۆرێکی تەواو و کامڵ؟

وەڵامی ئەم پرسیارەش دەبێت لە کارەکانی داهاتودا یەکلابێتەوە (قادر، ۲۰۱۱: ۱۸).

**١ . ٤: نەخشەی مینیماڵ پرۆگرام**

ئامانجی سەرەکی لە مینیماڵ پرۆگرام بەدەستهێنانی ڕاڤەکردن و ڕونکردنەوەیە لە بارەی زمانەوە بە شێوەیەکی سادە و ساکار، لەو پێناوەشدا سێ گریمانەی سەرەکیی خستوەتەڕو:

**١.** چەند ڕاستییەکی بنچینەیی هەیە، زمان دەستەبەریدەکات.


**٢.** توێژینەوەکان لە تیۆری زماندا، پێویستە بنەمای ئابوری لەبەرچاوبگرن.

**٣.** دەبێت تیۆری زمان لەسەر بنەمای ئابوریی ڕاستەقینە کارەکانی بکات. (ڕەسوڵ، ۲۰۱۳: ٦٩)

بەپێی ئەم بنەمایانە مینیماڵ پرۆگرام، زمان بۆ کەمترین پێکهێن کەمدەکاتەوە، بە گوتەیەکی دیکە ئەم پرۆگرامە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە نواندنی سینتاکسیی ڕستەکان، تایبەت بکرێت بە کەرەستە سەرەکییەکانی ڕۆنانەوە، "ئەمەش لە ئەنجامی لابردنی هەر دو ئاستی دروستەی قوڵ (DS) و دروستەی ڕوکەش (SS)، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا بە جۆرێك لە ئابوریکردن دادەنرێت، چونکە خستنەڕوی دو ئاست لە چوار ئاست باشتر و ئابوریترە. ئەو دو ئاستەی، کە بە گرنگ و پێویست دادەنرا لە MPدا هەر دو ئاستی فۆرمی فۆنەتیکی (PF) و فۆرمی لۆژیکی (LF)یە" (قادر، ٢٠١١: ٦٩)، کە فۆرمی فۆنەتیکی ڕستە بە دەنگ و دەربڕینەوە دەبەستێتەوە، فۆرمی لۆژیکیش ڕۆڵی نێوەند لە نێوان ڕستەو جیهانی بە چەمکبون یا باس لە چۆنیەتیی لێکدانەوەی ڕستە دەکات، واتە دەبێت بە بەشێك لە پێڕەوی زانیاریی زمانی (مەعریفی).

نەخشەی سینتاکسی (زمانی)، جگە لە ئاستو کەرەستەکانی نواندن، وەک پێڕەوێکی هێمایی، کە فۆرمی فۆنەتیکیو لۆژیکی بون، کە تایبەتیی دەنگیو واتایی دیاریدەکەن، ئەوا دو پێکهاتەی زمانیش هەن، کە ڕۆڵێکی گرنگ لە بەرهەمهێنانی دەربڕینە زمانەوانییەکاندا دەبینن، ئەو دو پێکهاتە زمانیەش: فەرهەنگو پێڕەوی کۆمپیوتەریی زمانی مرۆڤن (ڕەسوڵ، ٢٠١٣: ٧٣)، مەبەستیش لە فەرهەنگ کەرەستەکان دەگرێتەوە، کە خاوەنی تایبەتمەندیی فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژیو سینتاکسین، هەرچی کۆمپیوتەریشە ئەوا میکانیزمی دارشتنی بونیادی ڕێزمانی ڕستەکە دەگرێتەوە، بە دەربڕینێکی دیکە پێڕەوی کۆمپیوتەری ئایتمە فەرهەنگییەکان لە فەرهەنگەوە هەڵدەبژێرێتو بەهۆی ژمارەیەك چالاکیی دیکەی وەك: لێکدانو جوڵەی ئایتمە فەرهەنگییەکانەوە نەخشەدەکێشرێت بۆ دەربڕینە زمانەوانییەکان. دواتر ئەم دەربڕینە زمانەوانییانە (Linguistic Expressions) بۆ دروستە سینتاکسییەکان نەخشەدەکێشرێت. هەر دروستەیەکی سینتاکسیش بە نواندنی فۆرمی فۆنەتیکیو فۆرمی لۆژیکی دەبەسترێتەوە، کە فۆرمی فۆنەتیکی لە پێڕەوی درکاوە هەستپێکراوەکان (Articulatory Perceptual)دا و فۆرمی لۆژیکیش لە پێڕەوی چەمکە مەبەستدارەکان ( Conceptual Intentional)دا شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت (Chomsky, 1995: 219-226).

بەم شێوەیە دەردەکەوێت، کە مینیماڵ پرۆگرام تیشکدەخاتە سەر دو پێکهێنی سەرەکی و باسیان دەکات، یەکهەمیان پێکهێنی فەرهەنگییە، کە وشەکان بە تایبەتمەندییە فۆنەتیکی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکسی و سیمانتیکییەکانەوە دەبەستێتەوە، دوهەمیشیان دەتوانرێت وەک پێڕەوێکی ژمێرکاری دابنرێت، کە توانای بەرهەمهێنانی ڕستەی هەیە، یا میکانیزمی دارشتنی ڕستەکان دەگرێتەوە، بە هاوکاریی کۆمەڵێک کردەی یەکلەدواییەکی وەک لێکدان (Merge)، جوڵە (Move) و پاساودان (Checking)، ئەنجامەکەشی فۆرمێکی پەسنی درەختی دو لقییە، لەمەوە دەردەکەوێت، کە مۆدێلی مینیماڵ پرۆگرام بەم شێوەیە نەخشە دەکێشرێت، وەک لە نەخشەی (١)دا نیشاندراوە:




نەخشەی ژمارە (١)

لە ئەنجامی بەراوردکردنی ئەم مۆدێلە لەگەڵ ئەو مۆدێلەی چومسکی لە پێشتر بۆ تیۆری دەسەڵاتو بەستنەوە (GB) پێشنیازیکردوە، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، ئەم مۆدێلە سادەترو ساکارترە وەك لە مۆدێلی دەسەڵات و بەستنەوە، چونکە ئامانجی سەرەکی لە مینیماڵ پرۆگرامدا بەدەستهێنانی ڕونکردنەوەیە لە بارەی زمانەوە بە شێوەیەکی ساکار و گشتی، بە مەرجێک گونجاوبێت (Abdulrahman, 2007: 19).

## پاری دوهەم:

## وەرچەرخان و هەندێ لە بنەماکانی مینیماڵ پرۆگرام

### ٢ . ١: وەرچەرخان و گۆڕانەکانی مینیماڵ پرۆگرام

وەک ئاماژەی بۆ کراوە، مینیماڵ پرۆگرام هەوڵێکی تازەبو بۆ ڕێزمانی سەراپا، بە وەرچەرخانێکی ڕیشەیی دادەنرێت لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا، ئەویش بەهۆی ئەو گۆڕانکارییەی لە بنەما و شێوازبەندیی کارکردنی چۆمسکیدا ڕویدا، بە ڕادەیەک هەندێک لە توێژەران وای بۆ دەچن، کە مینیماڵ پرۆگرام بە تەواوەتی جیاوازە و هیچ پێوەندییەکی بە بۆچونەکانی پێشوترەوە نەماوە، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێک یا گۆڕانکارییەک دەگەڕێتەوە:

**یەکەم:** چۆمسکی لە مینیماڵ پرۆگرامدا بۆچونەکانی خۆی دەباتە ئاستی مێشک، بە جۆرێك دەڕوانێتە زمان، کە پێڕەوێکی تەواو (پڕاوپڕ)ە، لەو لایەنەی کەوا ڕێزمانی زمانی سروشتی دروستەیەک دادەڕێژێت، کە گونجاوە و لەگەڵ پێکهاتەکانی مێشکدا پێکهاتەیەکی هاوبەش دروستدەکات، بە شێوەیەکی ڕونتر، واتە تێکەڵ بە پێڕەوی ئاخاوتن و بیرکردنەوە دەبێت (Holmberg, 2000: 33).

**دوهەم:** خۆڕزگارکردن لە زۆری تەکنیک و بنەماکانی پەسنی و لێکدانەوەیی، کە پێشتر لە تیۆری بەرهەمهێناندا بەکاریهێنابو، بۆ ئەم پێناوەش کەمکرانەوە بۆ کەمترین بنەما و نێوەند (دزەیی، ٢٠١٣: ١٢٠)، بە نمونە یەکێك لە جیاوازییە ئاشکراکان، هەر دو نواندنی دروستەی قوڵ و ڕوکەش لابراوە، چونکە ئەم مۆدێلە وەك مۆدێلەکانی دیکە نییە، نواندنێك لە نواندنێکی دیکەوەوە دابڕێژێت، بەڵکو ئەلەمێنتەکان لە فەرهەنگەوە وەردەگیرێن و هەنگاوبەهەنگا و بەکاردەهێنرێن، هەتاوەکو نواندنی کۆتایی، کە (LF)ە" پێکەوەدەنرێت، ئەمەش پێواژۆیەکی بەردەوامە، واتە لە مینیماڵ پرۆگرامدا دروستەکان وردەوردە دروستدەکرێن. بەڵام لە مۆدێل و تیۆرەکانی پێشوتردا دروستەی قوڵ وەك دروستەیەکی تەواو

دەخرایەڕو، هەروەها لێکدانەوەی زۆریش دەربارەی پێواژۆ ناوەکییەکان نەگوتراوە، کە چۆن دروستبون، واتە دروستبونی دروستەی قوڵ چالاکییەکە، لەپڕ دروستبوە، هەربۆیە مینیماڵ پرۆگرام تیشکدەخاتە سەر وازهێنان لە دروستەی قوڵ و ڕوکەش، لەبریان گرنگی بە چالاکییە ناوەکییەکان دەدات لە پێواژۆی دروستکردنی ڕستەدا ( Cook & New Son, 1997: 323).

**سێهەم:** لە ڕوی زاراوەوە هەندێک لە زاراوەکان لەوانەیە ناوەڕۆکی خۆیان پاراستبێت، بەڵام وەکو زاراوە، زاراوەی نوێیان بۆ دارێژراوە، بەکارهێنانی ئەم زاراوانەش، کە پێشتر بەکارنەهاتبو، نیشانەی ئەوەیە گۆڕانکاریی ڕیشەیی ڕویداوە، بۆ نمونە: زاراوەی زمانە بکەرخراوەکان pro- drop Language بە زاراوەی زمانە بکەربەتاڵەکان Null گۆڕاوە (قادر، ٢٠١٠: ١٠١).

**چوارهەم:** ئامانجی سەرەکیی مینیماڵ پرۆگرام ئەوەیە، کە هەمو مەرج و کۆتوبەندەکان لە نواندنی سینتاکسیی ڕستەکاندا بۆ دەرهاویشتەیەکی (out put) پەیپێبراوی نابەرهەستە کەمبکاتەوە، کە بتوانرێت بەهۆی تایبەتمەندییەکانی ناوەوەی توانستگە/ فاکەڵتیی زمانەوە پێناسەبکرێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە توانستگەی زمان (Language Faculty) یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی مینیماڵ پرۆگرام، کە چۆمسکی گرنگیپێداوە و لە دو پێکهاتە پێکدێت، ئەوانیش: پێڕەوی جێبەجێکردن (performance) لەگەڵ پێڕەوی زانیاریی زمان (مەعریفی) (cognitive system) ئەوەی دوهەمیان لەپێڕەوی کۆمپیوتەریی زمانی مرۆڤ و فەرهەنگ پێکهاتوە، واتە پێڕەوی کۆمپیوتەریی زمانی مرۆڤ بەشێکە لە پێڕەوی زانیاریی زمان (Chomsky, 1995: 2, 6).

**پێنجهەم:** گۆڕان لە گوتاری زمان بۆ گوتارێکی نزیک لە گوتاری پێشتری زانستەکانی دیکەی، وەک فیزیا و کیمیا، بۆ گوتارێک، کە بە زانستی ژمێرکاری و کۆمپیوتەرییەوە کاریگەربێت (دزەیی، 2013: ١٢٠).

**شەشهەم:** یەکێکی دیکە لە نوێگەری و وەرچەرخانەکان وازهێنانبو لە "تیۆری X-بار، کە پەیوەندیی بە دروستەی فرێزەوە هەبو لە GBدا، ڕۆڵێکی زۆر گرنگی دەبینی لە شیکردنەوەی دروستەی ڕستەدا. بەڵام لە MPدا بەپێی بۆچونی مینیماڵیستەکان تیۆری X-بار وەك مۆدیولێك لە ڕێزماندا ئاماژەپێنەدراوە، چونکە تیۆرێکی نەویستراو بوە، هەر بۆیە مینیماڵیستەکان هەوڵیانداوە، کە خۆیان لە تیۆری X-بار ڕزگاربکەن و تیۆری دروستەی بارفرێزیان داهێنا" (قادر، ٢٠١١: ٦٢)، لە جیاوازییە سەرەکییەکانی دروستەی بارفرێزیش، ئەوەیە، کە پرۆژەی ناوەندی تێدا نییە، چونکە لە فۆرمی لۆژیکیدا، هیچ خوێندنەوە و ڕاڤەیەکی نییە، تەنیا وشەکان و پرۆژەی گەورەن، کە ڕاڤەدەکرێن، بۆیە پێڕەوی ناولێنانی کەتیگۆریش لابراوە، بەڵام ناونانی لەیبڵ تا دوای هەمو جوڵە و پاساودانەکان دەمێنێتەوە، هەروەها لە جیاوازییەکانی دیکەی بارفرێز سڕینەوەی فیچەرە هاوبەشەکان پاش پاساودان، نەمانی شوێنپێ و ...تاد. یە.

**حەوتهەم:** بەهۆی ئەوەی "ڕستەی زمانی کوردیی پرۆژەی ڕێکەوتنە. (VP) وەک فرێزێکی فەرهەنگیی لە ناو فرێزێکی ئەرکی وەک (TP)دا و ئەویش لە ناو (AGRP)دا دەشکێتەوە" (مەعروف، ٢٠٢٠: ٧٣) ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی، "گرێی ڕێککەوتن (AGRP) لە کۆتایی تیۆری GB و سەرەتای MPدا ڕۆڵێکی گرنگی هەبوە لە دروستەی فرێزدا، بەڵام دواتر لە MPدا وازیلێهێنرا، چونکە AGR فیچەری ڕاڤەکراوی نەبو، لەبەرئەوەی هیچ زانیارییەکی نەئەدا بە دەستەوە لە ڕاڤەکردنی دارێژراوەکە" (قادر، ٢٠١١: ١٤٤).

### ٢ . ٢: پێڕەوی کۆمپیوتەریی زمانی مرۆڤ

**(Computational System of Human Language/ CHL)**

لە مینیماڵ پرۆگرامدا توانستگەی زمان (Language Faculty) یەکێکە لە بابەتە گرنگەکان، کە چۆمسکی گرنگیی زۆرپێداوە. توانستگەی زمانیش لە دو پێکهاتە پێکدێت، یەک: پێڕەوی جێبەجێکردن (Performance)، دو: پێڕەوی زانیاریی زمان (مەعریفیی)، ئەوەی دوهەمیان لە پێڕەوی کۆمپیوتەریی زمانی مرۆڤ و فەرهەنگ پێکهاتوە، واتە پێڕەوی کۆمپیوتەریی زمانی مرۆڤ بەشێکە لە پێڕەوی زانیاریی زمان (Chomsky, 1995: 2, 6). لە لایەکی دیکەشەوە چۆمسکی پێیوایە،

كە تەنیا یەك پێڕەو یان پێكهاتەی كۆمپیوتەریی/ژمێركاریی هەیە بۆ زمانی مرۆڤ، كە ئەویش ئەو پێڕەوی كۆمپیوتەرییەی زمانی مرۆڤە، واتە CHL، كە وەك بزوێنەرێک وایە، پاڵ بە داڕێژراوەكەوە دەنێت بۆ بەرهەمهێنانی نواندنەكان" (قادر، ٢٠١١: ٧٠-٧١) لە فەرهەنگەوە بەرەو دركاندن، بەم شێوەیە:

## ٢ . ٢ . ١: فەرهەنگ (Lexicon)


زمان لە مینیماڵ پرۆگرامدا دو پێكهاتەی سەرەكیی هەیە، یەكێكیان فەرهەنگە، ئەوەی دیكەشیان ژمێركارییە، ئەركی فەرهەنگ دەستەبەركردنی ئەو یەكانەیە، كە دەچنە نێو پێڕەوی ژمێركارییەوە (ڕەسوڵ، ٢٠١٣: ٧٤)، بەو واتایەی بۆ بەرهەمهێنان و داڕشتنی دروستە و یەكەی گەورەتر پێویستمان بە (فەرهەنگ)ە، كە كەرەستەكان دەگرێتەوە، چونكە فەرهەنگ بەشێكە لە پێڕەوی زانیاریی (مەعریفیی) (Cognitive System)، ئەو ئایتم/ئەلەمێنتانە دیاریدەكات، كە CHL هەڵیبژاردون و لێكیداون بۆ دروستكردنی دەربڕینە زمانییەكان (قادر، ٢٠١١: ٧٢).

ئاخێوەر و بەكارهێنەری هەر زمانێك "زانیارییەكانی پەیوەست بە ڕێزمانەكەیەوە لایە و لە بەكاربردنی زماندا بە ئاگاییەوە بەرجەستەی دەكات. لەوەوە دەبێت ئاماژە بەوە بدرێت، كە ئەو زانیارییانە كەرەستەیەكی خاون و لە ناو فەرهەنگیی ئاوەزیدا خەزنكراون، بەوەش زانیارییەكان لە خەزنكراوە فەرهەنگییەكەدا نواندنێكی ناوەكی ( Internal Representation) دەبێت و لەڕێزمانیشدا نواندنێكی دەرەكی (External Representation)، زانیارییەكانی ئاخێوەری زمان لە كەرەستە فەرهەنگییەكانی دان و لە ڕێزماندا دەخرێنەڕو. واتە زانیارییە هەڵگیراوەكەی ناو فەرهەنگ دەبنە بنەمای فۆرمداڕشتن لە ڕێزماندا" (مەعروف، ٢٠٢٠: ١٦٧)، كە ئەمەش لە لایەن پێڕەوی كۆمپیوتەریی زمانەوە بەكاردەهێنرێت بۆ بەرهەمهێنانی دەربڕینەكان، پەیوەست بە فرەجارییەوە، واتە ژمارەی ئەو جارانەی كە دوبارەدەبنەوە و بەكاردێت بۆ بەرهەمهێنانی دروستەكان، لە تایبەتمەندییە دیارەكانی فەرهەنگیش ئەوەیە زانیاریی پێویست بێ دوبارەبونەوە دەدات بە پێڕەوی كۆمپیوتەریی زمانی مرۆڤ، كە ئەمەش لە ژمێركارییەوە دەستپێدەكات و هەڵبژاردنی ئایتمی فەرهەنگی لە فەرهەنگەوە (هەژماركردن) بە خاڵی دەستپێكردن و سەرەتای پێواژۆی دروستكردن دادەنرێت (Abdulrahman, 2007: 20).

## ٢ . ٢ . ٢: هەژماركردن (Numeration)

هەژماركردن پێواژۆی وەرگرتنی یەكەیە لە فەرهەنگەوە بە مەبەستی بونیادنانی پەسنێكی دروستەیی، پێڕەوی ژمێركاری، كەرەستەكان لەو هەژماركردنە هەڵدەبژێرێت و لە دروستەكەدا بەیەكیانەوە دەبەستێتەوە (crystal, 2003: 321) یاخود میكانیزمێكە، كە ئایتمە فەرهەنگییەكان یان دەستەیەك لە ئەلەمێنت لە فەرهەنگەوە هەڵدەبژێرێت بە یارمەتی پێڕەوی كۆمپیوتەریی زمانی مرۆڤ (CHL)، ئەمەش بە خاڵی دەستپێكردنی پێكهێنانی داڕێژراوەكە دادەنرێت، واتە سەرەتا دەبێت لە ژماردنەوە ئایتمە فەرهەنگییەكان هەڵبژێردرێت (قادر، ٢٠١١: ٧٣).

سەبارەت بەوەی چۆن زانیارییەكان لە فەرهەنگەوە دەستەبەردەكرێن، یا ڕیزدەكرێن دەكرێت، بگوترێت: یەكەی فەرهەنگی لە فەرهەنگەوە هەڵدەبژێررێت بە ڕێگەی كردەیەكی هەڵبژاردن، ڕیزكردنی ئەو ژمارە یەكە فەرهەنگییە هەڵبژێرراوە لە فەرهەنگەوە پێیدەگوترێت: هەژماركردن Numeration، بە زاراوەیەكی سادەش بریتییە لە بونێكی وا، كە كەرەستەی سینتاكسی (بۆ نمونە ڕستە) تێیدا دروستدەكرێت، وەک لە نەخشەی ژمارە (٢) ڕونكراوەتەوە ( Chomsky, 1995: 240).




نەخشەی ژمارە (٢)

بەپێی بۆچونەکانی چۆمسکی لە مینیماڵدا سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئایتمەکان، ئەوا هەڵبژاردنی ئایتمە لێکسیکییەکان لە ژماردنەوە لە پێش خاڵی شەقبونەوە ڕودەدات، هەر بۆیە لە دوای شەقبون (spell-out) پێکهاتەی فۆنۆلۆژی ناتوانێت هیچ ئایتمێك لە ژماردنەوە هەڵبژێرێت، چونکە پێوەندیی دەنگ و واتا تێکدەچێت و دارێژراوەکە تێکدەشکێت، ڕێسای لێکدانەوەی پڕاوپڕیش بریندارەدەکات. واتە هەڵبژاردنی ئایتمە لێکسیکییەکان دەبێت، لە سینتاکسی ئاشکرادابێت، ئەگەرنا ئایتمە لێکسیکییەکە فیچەری فۆنۆلۆژیی نابێت. بەم شێوەیە دەردەکەوێت، کە پێڕەوی ژمێرکاری دەکەوێتە ژێر باری بنەما گشتییەکانەوە، کە گرنگترین بنەماکانی ئابوریکردن لە دارِشتندا، نواندنەکان و بنەمای لێکدانەوەی پڕاوپڕە (ڕەسول، ٢٠١٣: ٧٩)، بەو واتایەی چۆمسکی پێیوایە، پێڕەو یان پێکهاتەی کۆمپیوتەری بریتییە لە نەخشەکێشانی دارێژراوێك لە ژماردنەوە بەرە و پێکهاتەی فۆنەتیکی (LF).

**٢ . ٢ . ٣: هەڵبژارن (Select)**


هەڵبژاردن لە مینیماڵ پرۆگرامدا بریتییە لە هەڵبژاردنی ئایتمی فەرهەنگی لە ژماردنەوە، ئەمەش بە خاڵی دەستپێکردنی دارێژرا و دادەنرێت. لە ڕێگەی چالاکیی هەڵبژاردنەوە دوانەیەك لە ئایتمی فەرهەنگیی لە ژماردنەوە هەڵدەبژێرێت، لە ئەنجامی لێکدانیان دەبێتە یەك یەکەی سینتاکسی (قادر، ٢٠١١: ٧٥)، بە واتایەکی دیکە بۆ بەرهەمهێنانی یەکەی سینتاکسی و ڕاییکاریی پێڕەوەکە "ژمێرکاری دەستدەکات بە هەڵبژاردنی ناوێک (ن) لە یەکە فەرهەنگییەکان لە فەرهەنگەوە لە ڕێگەی کردەیەک کە بە هەژمارکردنمان Numeration ناوبرد، ئەو یەکانەی هەڵبژێرراون هەنگاوبەهەنگاو و یەکلەدوایەک دەخرێنە ناو ڕۆنانەکەوە" (قادر، ٢٠١٠: ١٠٨)، چونکە لێکدانەوەی پڕاوپڕ داوای ئەوە دەکات، کە دەبێت هەر وەچەپێکهاتەیەک گۆکردن یا ئەرکێکی لە ڕستەدا هەبێت، لەم ڕوەشەوە ئەوە مسۆگەردەکات، کە (مردن، تۆپین و مرداربونەوە) بە فرێزێکی ناویی ناوەکییەوە بەرهەمناهێنرێن، لە لایەکی دیکەشەوە دروستەی ئارگۆمێنت پێماندەڵێت: کرداری (مرد) پێویستیی بە یەک ئارگۆمێنتە و ڕۆڵی بابەتانەی سیمانتیکیش پێماندەڵێت: ئەو ئارگۆمێنتە دەبێت هەڵگری فیچەری واتایی [+گیان] بێت، کۆمەڵەوشەش بۆ هەریەک لەم کردارانە ئارگۆمێنتێک هەڵدەبژێرێت:

. پیاوەکە مرد. . سەگەکە تۆپی. . کەڵەشێرەکە مرداربوەوە.

ئەو هەڵبژاردنەش پێوەندیی بە کولتورەوە هەیە، چونکە بەپێی کولتوری هاوبەشی ئیسلامی و کۆمەڵی کوردەواری ئەو گیاندارانەی گۆشتیان ناخورێت (دەتۆپن)، ئەوانەی پێش گیانلەدەستدانیان گۆشتیان دەخورێت و دوای گیانلەدەستدان، گۆشتیان ناخورێت (مرداردەبنەوە). ئەگەر سینکرۆنی/هاوکاتییانەش لەم بابەتە بدوێین، دەتوانین، بڵێین: پێوەندییەکە لەخۆوەیە قسەپێکەرانی ئەو زمانە لەسەر بەکارهێنانی وشەیەک ڕێککەوتون و وشە و دەربڕاوێکی دیکە بەکارناهێنن (بڕوانە: ئەحمەد، ٢٠١٢: ١٥٢ ـ ١٥٣)، تیۆری کرداربەندی/ Predicationیش ڕێگەی دەستوریی بەکارهێنانی ئەم ئەلەمێنت و کەرەستانە ڕوندەکاتەوە، چونکە جۆرێک لە پێشبینی واتایی دەردەبڕێت، هەروەها بەهۆی بەستنەوەیان بە کردارەوە ڕێگەی دەستوری بە هەبونیان لەسەر ئاستی فۆڕمی فۆنەتیکی و لۆژیکی دەدرێت (مەحویی و ئەوانی دیکە، ٢٠١٠: ٢٩).

**٢ . ٢ . ٤: لێکدان (Merge)**

هەنگاوێکی دیکەی دوای هەژمارکردنە، کە تێیدا بەهۆی کردەی لێکدانەوە یان یەکگرتنەوە ڕودەدات، بەو واتایەی لێکدان بریتییە لە کردە و پێواژۆیەکی سادەو ساکار، کە جوتە کەرەستەیەکی سینتاکسی دەستەبەردەکات، لەو جوتە کەرەستە سینتاکسییەشەوە، دروستەیەکی سینتاکسی ئاڵۆزتر بەرهەمدەهێنێت، دو کەرەستە سەرەتاییەکە لە هەژمارکارییەوە ئامادەکراون بۆ داڕشتن یا وەردەگیرێن (Chomsky, 1995: 43). واتە دەکرێت، بگوترێت: "لێکدان کردەی پێکەوەبەستنی دو بەشە، وەک تێکردەیەک یان دانە فەرهەنگییەکان وەردەگرێت، یان بە ئاشکرا دانەکان لە یەکە فەرهەنگییەکاندا بەشداردەبن. دەرکردەکەی یەکە یەکە لەو دانە فەرهەنگییانە پێکدێت، کە بە شێوازێکی هەرەمی ڕێنراوە، یەکێک لەو دو دانانەی ئامانجەکە the target ـ لێکدەدرێن" (ڕەسول، ٢٠١٣: ٨٠) با وادابنێین ئێمە دو کەرەستەی سینتاکسی وەکو: (A ، B)مان هەیە، ئەگەر لێکدان بەسەر ئەو دو کەرەستەیە جێبەجێبکرێت، ئەوا کەرەستەیەکی گەورەتر دروستدەبێت و بەم شێوەیە دادەڕێژرێتەوە: [Y، (A ،B)] لێرەشدا (Y) کەرەستە تازەکە دەنوێنێت، بەم شێوەیە:






چالاکیی لێکدان بایەخێکی گرنگیی لە ڕوانگەی (کەمتێچون ـ Clothes)ەوە هەیە، چونکە وشەکانی زمان سنوردارن، بەڵام وەک ئەوەی چۆمسکی ئاماژەی پێداوە، کە لە لێکداندا بنەمای دوبارەکردنەوە/ Recutsive هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە لێکدان پێواژۆیەکی دوبارەیە، واتە هەر لە ئایتمەکان خۆیانەوە بونیادی نوێ بەرهەمدەهێنرێت، بەم جۆرە [[A=[A + B]، بۆیە لە مینیماڵدا، A لەگەڵ Bدا بەهۆی چالاکیی لێکدانەوە لە وەچەپێکهاتەیەکدا لەژێر ناوی Yدا یەکدەگرن، پێویستە Y بە یەکێک لە A یا B دابنرێت، لە کاتێکدا هەر دوکیان لە یەک وەچەپێکهاتەدا لێکدەدرێن، هەروەها وەچەپێکهاتەکەش پێویستە بە A یا B ناوبنرێت (Chomsky, 1995: 226)، بە واتای ئەوەی Y وەچەپێکهاتەیەکە، کە بریتییە لە A یا B ئەمە لە کاتێکدا A و B بە فیچەرەکانیانەوە بۆ نێو Y دەگوێزرێنەوە، بۆ نمونە:

ـ بۆرەپیاو + ەکە ← بۆرەپیاوەکە

ـ A + B ← Y، واتە Y= [A ، B]

لەم لێکدانەشدا دەبێت یەکێک لە دو یەکەکە ببێتە سەرە (Head)ی یەکە تازەکە و ئەو کەرەستەیەشی دەمێنێتەوە بە تەواوکەر (C) دادەنرێت، بەم شێوەیە:




بەم شێوەیە لێکدان دو ئەلەمێنت A و B لەیەکدەدات، کە مەرجە لەگەڵ یەکدا گونجاوبن بەپێی کردەیەکی دیکەی نێو پێڕەوکە، کە پێیدەگوترێت: یاسای هەڵبژاردنی فەرهەنگی/ Lexical Insertion، هەروەها مەرجێکی دیکە ئەوەیە کە لێکدراوەکە تەمومژاوی/Ambiguous نەبێت، واتە دو ڕۆنان لە هەمان کاتدا ڕێگەپێنەدراوە، بەڵکو دەبێت یەکێک لە ڕۆنانەکان پەسندبکرێت، بە واتای ئەوەی کاتێک A و B لێکدەدرێن، ئەوا دروستەکە بە دو شێوە ڕیزدەبێت: [A ،B]، [[A, و [[B, [B ،A] هەر دو بژارەکە لە یەککاتدا ڕێگەپێنەدراوە، بەڵکو پێویستە یەکێکیان ببێتە ڕۆنانێکی سینتاکسی (Al-Mutairi, 2014: 38).

دەکرێت لە دوای ئەم ڕونکردنەوانەی پێشو، هەنگاوەکانی لێکدان لە چەند خاڵێکدا بخەینەڕو:(عەزیز، ٢٠٢٣: ٤٦ ـ ٤٧)

١. یەکەم هەنگاو بریتییە لە هێنانی دو یەکە بۆ لێکدان، تاوەکو بە هۆیانەوە داڕێژراوێکی سینتاکسی بەرهەمبهێنرێت.

٢. هەر لە خودی کەرەستە لێکدراوەکانەوە ناونیشانێک/ Lableێک بۆ دروستە و ڕۆنانەکە دادەنرێت.

**٣.** دووبارەدەکرێتەوە بەپێی پێویستی (مەبەست ئەوەیە، دروستەیەک لە هەرەمی ڕستەدا دووبارەدەبێتەوە، بە نمونە خۆی پرۆژەیەکی بچوکە، هەر خۆشی دەبێتە خوشکی پرۆژەیەکی ناوەندی).

**٤.** هەر کاتێک دروستەکە چوە نێو هەرەمی ڕستەوە دەکەوێتە پێوەندی لەگەڵ دروستەکانی دیکەدا، بەم شێوەیە:

. ئەو گرێ/Nodeەی دەسەڵاتی بەسەر هیچ گرێیەکی دیکەوە نییە بریتییە لە X.

. ئەوگرێیە هیچ گرێیەکی دیکە دەسەڵاتی بە سەردا نییە بریتییە لە XP.


. هەموگرێیەکانی دیکەش دەبنە X.

لە پێناو ڕونکردنەوەی پتر پەیوەست بە کۆمەڵەوشەوە ئەم نمونەیە دەهێنینەوە، کە پێکهاتوە لە [P، [P، DP]]:


. هەنار

. هەناری مێخۆش

. بە هەناری مێخۆش




دەستپێکی لێکدانەکە بە لێکدانی دو ئەلەمێنت ناو و ئاوەڵناو [هەنار و مێخۆش] دەستپێدەکات، واتە لە ڕێگەی دەرخەرێکەوە، کە دەبێتە سەرەی فرێزەکە و فرێزێکی دەرخەری بەرهەمدێت، پاشان فرێزە دەرخەرەکە دەچێتە ژێر ڕکێفی فرێزێکی پێشناوییەوە، کە فرێزە پێشناوییەکەش لە ئەنجامی لێکدانی پێشناوێک لەگەڵ فرێزێکی ناوی لێکدراوە: [بە [هەناری مێخۆش] [ی [هەنار مێخۆش] [مێخۆش [هەنار] ]]]




ماوەتەوە، بگوترێت: لێکدان پێوەندیی بە پاساودانەوە هەیە، چونکە کاتێک دو کەرەستە لێکدەدرێن، ئەوا پێویستە دارشتەیەکی فۆرمدروستی واتا ڕاست بەرهەبمهێنرێت، بەم پێیە لێکدنی ئاوەڵکردار و ئاوەڵناو [جوان ، پار] دارێژراو نییە، چونکە فیچەرەکانیان لەیەکدیدا نییە و پاساودان ناکرێت، یاخود پێکەوەهاتنی ئەم فرێزانە نەگونجاوە:

. ؟بەرخی پێنەگەیشتو

. ؟پیرەمێردی گەنج


ئەم فرێزانەش بۆیە ناگونجێن، یا لە ڕوی بابەتییەوە هەڵەن، چونکە فیچەرە واتاییەکانیان لە یەک جیاوازن، یاخود پێکەوە ناگونجێن، لە نمونەکەی پێشوتریشدا (هەناری مێخۆش) ئاماژە بۆ هاوڕێیەتی دەکات، چونکە ئاوەڵناوەکە تەنیا هاوڕێیەتیی لەگەڵ (هەنار)دا هەیە و هیچ میوەیەکی دیکە ئەم تامە لەخۆناگرێت، بۆیە ناگوترێت:

. ؟پرتەقاڵی مێخۆش

ئەمەی خرایەڕو دەیسەلمێنێت، کە پاساودان لە هەنگاوی لێکدانیشدا هەیە، بە نمونە کردارێکی وەک (حیلاندی) لەگەڵ ئاوەڵناودا لێکنادرێت، بەڵام لەگەڵ ناودا لێکدەدرێت، ئەویش لە واتا فەرهەنگییەکەیدا تەنیا (ئەسپ ، حیلاندی)، چونکە وەک گوترا: ئەم لێکدانە پێویستیی بە پاساودانە، کرداریش فیچەری ڕاڤەنەکراوی ناوی تێدایە، فیچەریی ڕاڤەنەکراویش ئەگەر پاساونەدرێت دارێژراوەکە وردوخاش دەکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەرەستە بە

دەسەڵاتەکە کاتێک کەرەستەیەک هەڵدەبژێرێت، دەبێت فیچەرەکانی لەگەڵیدا پاساوبدرێت و بسڕێتەوە لە پێناو بەجێهێنانی مەرجی لێکدانەوەی پڕاوپڕ، لەم نمونەیەشدا (حیلاندی) ناتوانێت ناوەکانی (مانگا، بولبول، مەڕ و ...تاد.) هەڵبژێرێت، چونکە فیچەری ناوەکە، کە لە کرداردا ڕاڤەنەکراوە و پاساونادرێت، هەروەها ناونان/Labelingی سەرەی گرێکان/Nodeیش لە لێکداندا لە لایەن سەرەی فرێزەکانەوە دەبێت، چونکە ئەو توخمەکانی دیکەی هەڵبژاردوە و پرۆژەسازدەرە، بۆیە لە سەروی درەختەکەوە دادەنرێت (Epstein & Seely, 2002: 136)، بۆ نمونە:

. ئەسپەکە حیلاندی.




لەم نمونە و هێلکارییانەدا a لەگەڵ bدا یەکدەگرێت بەهۆی چالاکیی لێکدانەوە لە یەک وەچە پێکهاتەدا لەژێر ناوی y، بەم شێوەیە:

ئەسپ + ەکە ⟵ ئەسپەکە

a + b ⟵ y

واتە y = [a ، b]، y ناولێنراو (Label)ە، ئەمەش بەهۆی چالاکیی لێکدانەوەیە، کە دو یەکەی سینتاکسی وەردەگرێت و دەیکات بە یەک یەکەی سینتاکسی و وەک وەچەپێکهاتەیەک لە درەختی ئەندازیاری (Tree Diagram)دا لەژێر ناوێکدا کۆیاندەکاتەوە. بۆیە چۆمسکی پێشنیازی ئەوە دەکات، کە لە لێکدانی دو ئایتمدا دەستەیەکی دوپەلکی (Binary set) پێکدەهێنرێت، کە یەکێکیان دەبێتە ناولێنراو (Label)ی دەستەکە و ئەوی دیکەیان دەستەیەکە بۆ دو ئایتمی لێکدراو دابەشدەبێت، بەم شێوەیە: [ەکە [ئەسپ ، ەکە]]

هەمو فرێزێك تەنیا یەك سەرەی هەیە، کە تایبەتمەندییەکانی فرێزەکە دیاریدەکات، لە (ئەسپەکە)دا {ەکە} سەرەی فرێزەکەیە و دەبێت فیچەرەکانی ئەو فرێزە ناوییەی، کە دەبێتە تەواوکەر، ڕازیبکات ئەم دەستە دوپەلکەیەش لەگەڵ دەستەیەکی دیکەدا لێکدەدرێت، کە یەکێکیان دەبێتە ناولێنراو، بەم شێوەیە: [حیلاندی [[ ەکە [ئەسپ ، ەکە]]]

دوای ئەم لێکدانەش لە پێکهاتەی ڕستەکەدا لێکدانەکانی دیکە دەستپێدەکات، کە دەبێت لەسەر بنەمای دوانەیی یا دوپەلکی بێت.

## ٢ . ٢ . ٥: جوڵان (Move)

لە مینیماڵ پرۆگرامدا ئەم کردەیە پێڕەوی کۆمپیوتەری پێیهەڵدەستێت کە کردەیەکە دانە زمانییەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگوازرێتەوە لە پێکهاتەی ڕستە بەپێی پێڕەوێکی سنوردار، بە گوتەیەکی دیکە "چالاکییەکی تری سیستەمی کۆمپیوتەری (CHL)یە، ڕۆڵێکی باش دەبینێت لە پرۆسەی بەستنەوەی دروستەدا و جوڵانیش بەهۆی درەختی ئەندازیارییەوە دەنوێنرێت. لە GBدا جوڵان پەیوەستدەکرا بە دۆخی ڕێزمانییەوە، بەڵام لە MPدا ئەم سنوردارکردنەی جوڵان بە دۆخی ڕێزمانییەوە لابرا، جوڵان بە پشکنینی فیچەرەکانەوە بەسترایەوە، چونکە پشکنینی فیچەرەکان لە ڕێگەی جوڵانەوە گوزارشتی لێدەکرا" (قادر، ٢٠١١: ٧٧)، کردەی جوڵان، ئەو جوڵەپێکردنە ڕێپێدراوانە دەگرێتەوە، کە لە سنوری ڕستەدا ئەنجامدەدرێن، بە گشتی لە مینیماڵدا ئاماژە بەم دو جۆرە لە جوڵان دەدرێت، یەک: جوڵانی ئاشکرا/ دیار (overt movement)، دو: جوڵانی شاراوە/ نادیار (covert movement)، بەپێی ئەو توێژینەوانەشی پێشکەشکراون، جوڵە لەژێر ڕکێفی چەند مەرجێکدایە، کە بریتین لە: (بڕوانە: عەزیز، ٢٠٢٣: ٥١ ـ ٥٢)

١. هەمو جوڵەیەک پێویستە، پاڵنەر/Motivateی هەبێت.


٢. لە مینیماڵدا، تەنیا یەک جۆری گواستنەوەیە هەیە، کە جوڵەیە.
٣. کردەی جوڵە بۆ پاساودانی فیچەرە.
٤. جوڵەی ئەلەمێنتەکان بۆ ئەوەیە، هاونیشانەبن/ Configuration لەگەڵ ئەو شوێنەی بۆی دەچن.
٥. کردەی جوڵە، تەنیا کردەیەکی سینتاکسی نییە بۆ هاونیشانەکردن و پاساودان بێت، بەڵکو بەشێکە لە پێواژۆی لێکدانیش، وەک لە پێشوتردا ڕونکرایەوە.
٦. جوڵە پێڕەوی لە نزیکایەتی دەکات، واتە فیچەرەکان لە یەکدی نزیکدەکاتەوە، ئینجا بۆ شوێنی پاساودانیان دەجوڵێن.

**٢ . ٢ . ٦: پاساودان (Checking)**

لە مینیماڵدا ئایتمە لێکسیکییەکان لە فەرهەنگەوە بە شکاوەیی (Inflected) دێنەدەرەوە، کە ئەمەش لە مۆدێلەکانی پێشوتر جیاوازە، چونکە لەواندا ئایتمەکان لە شێوەی ئەبستراکتەوە بۆ بەرهەستە دەگوازرانەوە، بۆیە پاساودان دانراوە بۆ زاڵبون بەسەر گرفتەکانی تیۆری ستاندەر و ستاندەری فرەوانکراو، یەکێك لەم گرفتانە پەسنی ئەو ڕێبازانەبو، کە یەکەی فەرهەنگیيان لە شێوەی ئەبستراکتەوە دەگواستەوە بۆ شێوەی کۆتایی لە دەوروبەری ڕستە، ئەم گریمانەیە وا دەخوازێت کە یەکە فەرهەنگییەکان بە شێوەیەکی کۆتایی هەڵبژێررێن لەنێو وشە فەرهەنگییەکانی دیکەدا بەپێی میکانیزمی دارشتن، بەپێی پێویستی ڕستە لە کات و ئەرک و دواتر لێکدەدرێن و ئینجا کردەی پاساودان دەسپێدەکات، تا بزانێت سیماکانی دەنگ و واتا و دارشتنی ڕێزمانی گونجاون لەگەڵ شوێنەکانیان یا نا (دزەیی، ٢٠١٣: ١٢٣)، کەواتە پاساودان زاراوەیەکی تەکنیکییە، وەک میکانیزمێکی بنچینەیی بەکاردەهێنرێت، بۆ ئەوەی دڵنیاببینەوە، کە ئەلەمێنتەکان لە دروستەی نواندنەکەدا لە شوێنێکی نەگونجاودا دەرنەکەوتون.

بەم شێوەیە لە پاساوداندا بەهۆی ئەوەی ئایتمەکان فیچەریان تێدایە، بۆیە پێش ئەوەی بچنە نێو دارێژراوەکەوە ئەم فیچەرانەش بەهۆی داواکارییەکانی پاساودانی فیچەرەوە پێویستە لە لایەن سەرە (Head)ەوە پاساوبدرێن، بۆ ئەوەی ئەمەش ڕوبدات پێویستە لە شوێنی خۆیانەوە بجوڵێن. فرێزە ناوییەکان (دەرخەرییەکان) لە شوێنی خۆیانەوە بۆ sspec سەرە ئەرکییەکان دەجوڵێن، هەروەها کرداریش لە شوێنی خۆیەوە بۆ سەرەی گرێی تاف (TP) دەجوڵێت، ئەو شوێنانەشی، کە فیچەری ئایتمەکانی تێدا پاساودەدرێت پێیدەگوترێت ڕکێف/دەسەڵاتی پاساودان ( Checking Domain) (قادر، ٢٠١١: ٨٨). بۆ ڕونکردنەوەی پتر ئەم لایەنەش ئەم نمونەیە دەهێنینەوە:

مەلا کچەکەی مارەکرد.





لەم نمونەیەوە دەردەکەوێت، کە فرێزی ناویی (مەلا) دۆخی نۆمینەیتڤ/Nominativeی هەیە، کە دەبێت لە لایەن سەرە ئەرکییەکەوە بپشکنرێت، چونکە هەمان دۆخی هەڵگرتوە، بۆیە فرێزەکە لە نێو sspec ی svp دەرەکییەوە بۆ sspec ی TP بۆ پاساودان دەجوڵێت، فرێزی (کچەکە)ش لە sspec ی VP ناوەکییەوە بۆ sspec ی VP دەرەکی دەجوڵێت بۆ پاساودانی فیچەری دۆخی ئەکیوزەتیڤ لە لایەن سەرەی (V)یەوە، کرداریش بەهۆی ئەوەی فیچەری تافی هەیە، لە شوێنی خۆیەوە بۆ سەرەی تاف بۆ پاساودانی تافەکەی دەجوڵێت، بەڵام ئەم گواستنەوانە شاراوەن، واتە لە LFدا ڕودەدەن و دەرناکەون. کەواتە بەپێی پاڵێوەری دۆخ هەمو (DP/NP)یەکان دەبێت دۆخەکانیان لە لایەن سەرەوە پاساوبدرێن، لەم نمونەیەشدا TP بە ڕکێفی پاساودانی بکەر دادەنرێت، هەر بۆیە چۆمسکی پێشنیازدەکات، ئەگەر

DP/NPیەك فیچەری دۆخەکەی پاساوبدرێت، DP/NPیەکە ناچالاك دەبێت و لە توانایدا نابێت بەشداری لە جوڵانی دیکەدا بکات (Collins, 2001: 53).

**٢ . ٢ . ٧: کۆپی**

کۆپی، جێگرەوەیەکە بۆ بیرۆکەی شوێنپێ/Traceی تیۆری حوکمکردن و بەستنەوە، کە ئاماژەیە بۆ ئەو کەرەستانەی دوای گواستنەوەیان لە شوێنی خۆیانەوە دەسڕێنەوە، یاخود مەبەست لە شوێنی بنەڕەتی کەرەستەکانە پێش جوڵان، کە بە (t) هێمادەکرا. هەمان بیرۆکە لە مینیماڵدا هەیە، کە تیشکدەخاتە سەر ئەوەی هەر ئەلەمێنتێک جوڵا و بەرزبووەوە بۆ شوێنێکی دیکە لە درەختی ڕستەدا، ئەوا لە LFدا دەمێنێتەوە، تەنیا لە PFدا دەسڕێتەوە، دوای سڕینەوەشی لە ئاستی PFدا وێنەیەکی لەبەردەگیرێتەوە یا کۆپیدەکرێت، کە وێنە کۆپیکراوەکە دەبێت هەمان ڕۆنانی هەبێت، چونکە دواتر لە درەختەکەدا دەبێتەوە بە وەچەبەستێنەری (Corver & Nunes, 2017: 14)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کۆپیکردن جوڵانی ئەلەمێنتەکانە، نەک وەک ئەوەی شوێنپێی ئەلەمێنتێکی دیکەبن، بۆیە جوڵانی شوێنی فرێزێك مەبەست لە کۆپیکردنیەتی لە شوێنێکی بەرزتر و سڕینەوەیەتی لە شوێنە بنەڕەتییەکەیدا (Chomsky, 1995: 436).

کۆپی لە مینیماڵدا لەگەڵ کردەکانی (لێکدان و ڕێککەوتن) چالاکیی جوڵە پێکدەهێنن، بە نمونە پێکهاتەی C̋ چەند وەچەپێکهاتەیەکی تێدایە، بەم شێوەیە:




لێرەدا A پێویستە بجوڵێت بۆ sspec C لە ئەنجامی جوڵانی A کۆپییەکی A دروستدەبێت و وەچەپێکهاتە جوڵاوەکە لێکدەدرێت لەگەڵ C، C دروستدەکاتَ، جێگەی ئاماژەبۆکردنە، کە بەپێی بنەماکانی کۆپی هەمو کۆپییەکان دەبێت لە نواندنەکاندا هەبن، تا ئەو کاتەی بەپێی مەرجەکانی دەرکردە (out-put conditions) پێویستە کرداری سڕینەوە (deletion)یان بەسەرداجێبەجێبێت، بە جۆرێک جوڵان لە پێش شەقبوندا کۆپییەکەی دەسڕێتەوە، هەر بۆیە لە کاتی گەیشتنی بە نواندنی PFدا دەرنابڕێت، بەڵام لە LFدا کۆپییەکە دەمێنێتەوە، تا ڕاڤەبکرێت (بڕوانە: قادر، ٢٠١١: ٨٣)، لە پێناو ڕونکردنەوەی پتریش ئەم نمونەیە دەهێنینەوە:

.گاوانەکە گاگەلەکەی لەوەڕاند.

.گاگەلەکە گاوانەکە (گاگەلەکە)ی لەوەڕاند. (LF)

.گاگەلەکە، گاوانەکەtی لەوەڕاند. (PF)

ئەگەر سەرەنجبدەین، لە ئاستی LFدا بەهۆی جوڵانی (گاگەلەکە) بۆ پێشەوە کۆپییەکی جێهێشتوە، کە LFدا کۆپی (گاگەلەکە) لە شوێنە بنچینەییەکەیدا دەمێنێتەوە بە مەبەستی ڕاڤەکردن، چونکە لە LFدا دەبێت هەمو کەرەستەکان و گۆڕانکارییەکان بونیان هەبێت، بۆ ئەوەی ڕێسای لێکدانەوەی پڕاوپڕ ڕازیبکات، بەڵام لە کۆتابار یا (PF)دا کۆپی کەرەستە جوڵاوەکە دەسڕێتەوە، کەواتە لە مینیماڵدا مەرجی هاونیشانەبون هاتوەتەئارا، کە لە LFدا لێکدانەکان ئاساندەکەن و ڕۆڵی واتاییشیان هەیە، ئەمە لە کاتێکدا لە تیۆری حوکمکردن و بەستنەوەدا شوێنپێ، چەند مەرجێکی هەبو، لەوانە: (١) شوێنپێ حوکمدەکرێت. (٢) ئاماژەبۆکراوی شوێپێ ڕۆڵی واتایی وەرناگرێت. (٣) پێوەندیی شوێنپێ و ئاماژەبۆکراوەکە مەرجی هاوسێیەتی تێردەکات (بڕوانە: محەمەد، ٢٠٠٩: ٢٣٠).

لەم ڕونکردنەوانەوە دەردەکەوێت، کە چۆمسکی تیۆری کۆپی لە جوڵەدا (copy theory of move) وەک مەرجێکی گشتگیر لەبری شوێنپێ (Trase) دادەنێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی تیۆری کۆپی لە شوێنپێ بۆ ڕاڤەکردن ئاسانترە،

هەروەها جێهێشتنی کۆپییەک لە شوێنپێیەک ڕونترە بۆ ئەوەی ڕستەکان ڕاڤەبکرێن، چونکە لەو بارەدا کەرەستەی سڕدراوە (Elimination) کۆپییەکی لە فۆڕمی لۆژیکیدا دەمێنێتەوە، بۆیە ئەم تیۆرە یارمەتی زانینی شێوازی بەستنەوەکان دەدات، کە لە تیۆری حوکمکردن و بەستنەوەدا جەخت لە بەستنەوەی جێناوە خۆییەکان و وشە هاوبەشەکان دەکرایەوە، واتە چەمکی هاونیشانەبون و هاونیشانەنەبون لە تیۆری بەستنەوەدا هەبون، کە ئاماژەبو بۆ ئەو کەرەستانەی بە یەکدییەوە دەبەسترێنەوە، لەگەڵ ئەوانەی نابەسترێنەوە و ئازادن، لە نمونەی فرێزە ناوییەکان و جێناوییەکان، کە ئازادن و نابەسترێنەوە، هەرچەند لە تیۆری کۆپیشدا ئەم بیرۆکانە هەن، بەڵام لێرەدا بەهۆی ئەوەی کۆپییەکی کەرەستە سڕدراوەکە دەمێنێتەوە بۆیە ڕاڤەکردنیان ئاسانترە (بڕوانە: عەزیز، ٢٠٢٣: ٦٢ ـ ٦٣).

**٢ . ٢ . ٨: شەقبون/ جیابونەوە و دوبەشبون (spell-out)**

زۆرجار لە مینیماڵدا شەقبون، وەکو دروستەی ڕوکەش دەناسێنرێت، ئەمەش بە هۆی ئەوەی چۆن لە دەسەڵات و بەستنەوەدا لە دروستەی ڕوکەشەوە، زانیارییەکان بۆ پێکهاتەی لۆژیکی و پێکهاتەی فۆنەتیکی جیادەبێتەوە، بە هەمان شێوەش لە مینیماڵدا لە خاڵی شەقبونەوە زانیارییەکان بۆ پێکهاتەی لۆژیکی و پێکهاتەی فۆنەتیکی جیادەبێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە زمانەوانان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە نابێت خاڵی شەقبون بە دروستەی ڕوکەش بچوێنرێت، پێیانوایە دو شتی جیاوازن، بە جۆرێک دروستەی ڕوکەش لە دەسەڵات و بەستنەوەدا ئاستێکە، کە تێیدا دۆخی ڕێزمانی بە ئارگۆمێنتەکان دەدرێت، هەروەها ڕێسای پاڵێوەری دۆخی تێدا جێبەجێدەکرێت، بەڵام شەقبون لە مینیماڵ پرۆگرامدا ئاست نییە، بەڵکو چالاکییەکە، کە دەکرێت لە هەر خاڵێکی داڕێژراو و دروستەکەدا ڕوبدات (Vanvalin, 2004: 204).

بەم شێوەیە دەشێت، شەقبون بکرێتە خاڵێك لە داڕێژراوەکە، کە بە هۆیەوە بەشێك لە زانیاریی سینتاکسی بۆ پێکهاتەی فۆنەتیکی دەنێررێت، کە بە هۆیەوە نواندنی پێکهاتەی فۆنەتیکی نەخشەدەکێشرێت، بەشەکەی دیکەشی زانیارییەکە بۆ پێکهاتەی لۆژیکی، کە لە ڕێگەیەوە نواندنی پێکهاتەی لۆژیکییەوە نەخشەدەکێشرێت، واتە شەقبون بە کردەیەک (operation) دادەنرێت، کە جیاوازی لە نێوان پێکهاتەی فۆنەتیکی و پێکهاتەی لۆژیکیدا دەکات، ئەگەر ئایتمێك فۆڕمی فۆنەتیکیی دیاری نەبێت، وەك pro، ئەوا ئەو ئایتمە درکاندنی دیاری نییە (Crystal, 2003: 429).

جێگەی ئاماژەبۆکردنە، کە "لە شەقبوندا نابێت زانیارییەکان بە هەڵە بۆ ناو نواندنەکانی PFو LF بچێت، چونکە ئەگەر نواندنی PF زانیاریی سیمانتیکیی هەڵبگرێت، داڕێژراوەکە هەڵدەوەشێتەوە، هەروەها ئەگەر نواندنی (LF)یش زانیاریی فۆنەتیکیی هەڵبگرێت، بە هەمان شێوە داڕێژراوەکە هەڵدەوەشێتەوە و نارێزمانیی دەبێت، چونکە ڕێسای ڕاڤەکردنی تەواو (FI) بریندارده‌بێت (پێشێلدەکرێت)" (قادر، ٢٠١١: ٨٥).

**٢ . ٣: پێکهاتەی فۆنەتیکی و لۆژیکی (PL & PF) لە مینیماڵ پرۆگرامدا**

دوای نیشاندانی نەخشەی مینیماڵ و وەرچەرخان و جیاوازییەکانی لەگەڵ قۆناغەکانی پێشوتردا، دەردەکەوێت، کە لەم پرۆگرامەدا "سیستەمی زمان وەکو سیستەمێکی نەخشەسازی Mapping یان ژمێرکاری Computation سەیردەکرێت، ئەم سیستەمە لە نێوان دو ئاستی تێکەڵدا کاردەکات، کە بریتین لە ئاستی یا فۆڕمی دەنگسازی (فۆنەتیک، فۆنۆلۆژی) PFو ئاستی واتا یا فۆڕمی لۆژیک LF، کارکردنی ئەم سیستەمە لە نێوان ئەم دو ئاستەدا بە ئاستێکی هاوبەش Interface level ناودەبرێ، بە واتایەکی تر دو ئاستی زمان کە پێشنیازکراوە، تەنها ئەو دو ئاستەیە کە مایەی باوەرپێکردنە" (قادر، ٢٠١٠: ١٠٣)، هەروەها چۆمسکی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات "هیچ شتێک لە بونیادی ڕستە بێ لێکدانەوە نامێنێتەوە، واتە تەنیا ئەو کەرەستانە بمێنێتەوە کە پێویستن، ئەم بنەمایەی ناونا بە بنەمای ئابوری (Economy Principle) کە بوە هۆکاری هاتنەکایەی بەرنامەی کەمترین پرۆگرام، بنەمای ئابوری ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە نواندنە ڕۆنانییەکانی ڕستە تایبەتبێت بە کەرەستە سەرەکییەکانی ڕۆنان، بۆ ئەم ئەنجامەی ئەم کارە گریمانەی کەمترین بەرنامە

دەکات، کە (فۆڕمی فۆنەتیکی Phonetic Form) (P.F) کە داڕێژراوەکان بە دەنگ دەبەستێتەوە و (فۆڕمی لۆژیکی Logic Form) (L.F) کە نێوەندە لە نێوان ڕستەو جیهانی چەمک و بۆچون" (دزەیی، ٢٠١٣: ١٢١ ـ ١٢٢).

بەم شێوەیە دەگەینە ئەوەی لە مینیماڵدا هەر دو ئاست و پێکهاتەی فۆڕمی لۆژیك (LF) و فۆڕمی فۆنەتیك (PF) بە دو ئاستی زۆر گرنگ دادەنرێت، چونکە لە کۆی چوار ئاستەکەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە تەنیا ئەم دو ئاستە ماونەتەوە، کە ئەمەش بۆ گرنگییەکەیان دەگەڕێتەوە، چونکە زمانەوان ناتوانێت لە توێژینەوەو تیۆرە زمانەوانییەکاندا بەبێ بونی ئەم دو ئاستە توێژینەوەکانی بە ئەنجامبگەیەنێت (قادر، ٢٠١١: ٨٤)، مەبەستیش لەم ئاستانە:

**فۆڕمی لۆژیکیی (LF):** قۆناغێکە لە داڕێژراوە سینتاکسییەکە، کە سینتاکس و پێڕەوی چەمکە-مەبەستدارەکان (conceptual-intentional)ە، کورتکراوەکەی (C-I)یە، لەم قۆناغەدا لێکدانەوەی سیمانتیکی ڕودەدات.

**فۆڕمی فۆنەتیکیی (PF):** ئاماژەدەکات بە پێوەندیی نێوان سینتاکس و پێڕەوی دەنگی، واتە پێڕەوی درکاوە-هەستپێکراوەکان (Articulatory-Perceptual)، کورتکراوەکەی (A-P)یە، واتە زانیاری لە بارەی تایبەتمەندیی فۆنەتیکییەوەیە. (Boecky, 2006: 202-204)

ئەوەی لێرە شایانی باسکردنە ئەوەیە، کە "لە ڕاستیدا تێبینی دەکرێ، کە ئەو مۆدێلە سەرەڕای ئاستەکانی PFو LF، کە پێکهاتەکانی PFو LF لەخۆدەگرێ، چەند هەنگاوێکی ڕۆنانی دەنوێنێ، کە پەیوەندیی بە نەخشەکێشانی ئاستەکانەوە هەیە، و ناتوانن هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئاستەکانی PF و LFدا دروستبکەن" (ڕەسول، ٢٠١٣: ٨٨)، هەروەها (PF) لە (A.P)دا لێکدەدرێتەوە یا دەخرێتەڕو، واتە لە (A.P)دا بەیەکدەگەن، (LF)یش لە (C.I)دا، بۆیە هەر دو پێڕەوە جوڵێنەرە هەستپێکراوە درکاوەکە و پێڕەوی چەمکە مەبەستدارەکانی چالاکیی زمان، هەندێ مەرجی یاسایی گریمان دەکەن بەسەر وەرگرتەکانیانەوە (input)، کە نواندنەکانی PF، LF یەک لە دوای یەک دەبێت مەرجەکان جێبەجێبکەن، بەمەش نواندنی PF، LF لەبەر ئەوە دەبێت لە کەرەستەی یاسایی پێکبێن، کە دەبێ لێکدانەوەی پڕاوپڕ لە ئاستی گونجاو بەدەستبهێنن، ئەگەر نواندنە بەرهەمهاتوەکە لە ژمارەیەک کەرەسە پێکبێت ئەوە دەبێت، بڵێین: کەوا مەرجە یاساییەکانی جێبەجێکردوە، یا (لێکدانەوەی پڕاوپڕی هەیە (full interpretation) ـ F1)، دەربڕاوەکانی زمان بە لایەنی کەمەوە، وەکو جوتێک لە (LF ،PF) سەیردەکرێت، کە گەیشتون بەو مەرجانە (قادر، ٢٠١٠: ١٠٧ ـ ١٠٨).

**پاری سێهەم:**

## کۆمەڵەوشە لە چێوەی مینیماڵ پرۆگرامدا

### ٣ . ١: زاراوە و چەمکی کۆمەڵەوشە و سەرهەڵدانی لە زمانەوانیدا

لە زمانی کوردیدا هەریەکە لە زاراوەکانی >>کۆمەڵەوشە<<و >>پێکەوەهاتن<< بەرانبەر بە >>Collocation<<ی ئینگلیزی دەوەستنەوە، کە ماناکەی لە وشەنامەدا بە >>ڕێکخستن<< لێکدراوەتەوە (سەعدوڵلا، ١٩٩٨: ١٥٣)، هەرچی (ڕێکخستن)یشە ئەوا لە (هەنبانەبۆرینە)دا واتاکەی:

ـ دو شت بە یەکدا ساوین.

ـ دو دژ لێک ئاشتکردنەوە (هەژار، ١٣٦٩: ٣٦٧)یە.

جێگەی ئاماژەبۆکردنە، لە زمانی کوردیدا (کۆمەڵەوشە)، زۆرتر وەک زاراوە لە کاردایە، بۆیە بەسەر زمانی زۆرینەی قسەپێکەرانەوە نییە، بەڵام (پێکەوەهاتن) هەم بوە بە وشەیەکی تایبەت بۆ بوارێکی دیاریکراو، هەمیش بەسەر زمانی زۆرینەوەیە، کەواتە دەکرێت، بگوترێت: لە ڕوی وشەییەوە پێکەوەهاتن، هاتن و گونجان، یا ڕێکخستنی دو شت یا زیادترە، بەپێی ڕێککەوتن و بنەمای کۆمەڵایەتی و یاساکانی دیکە، یا بە شێوەیەک هیچ نائاسایی و گرفتێکیان لێنەکەوێتەوە.

سەبارەت بە لایەنە زاراوەییەکەی و مێژوی سەرهەڵدانیشی باس لەوە دەکرێت، بۆ یەکەم جار /Bacon/ لە ساڵی (1605)دا زاراوەی >>کۆمەڵەوشە<< (Collocation)ی بە واتای پێکەوەهاتنەوە بەکارهێناوە، بەڵام ئەم بەکارهێنانەی

پێوەندیی بە زانستی زمانەوە نەبوە. بەڵکو دواتر /Harris/ لە ساڵی (١٧٥٠)دا ئەم وشەیەی بە واتا زمانەوانییەکەیەوە هێناوەتە نێوانەوە.

بانگەشەی ئەوەش دەکرێت، بۆ یەکەم جار لە ڕوی زمانەوانییەوە، زاراوەی کۆمەڵەوشە (Collocation) لەلایەن /Firth/ەوە لە ساڵی (1951)دا ناسێنرابێت، بە تایبەتی بۆ پێکەوەهاتنی نەریتیی باوی وشەیەك لەگەڵ وشەیەکی دیکەدا (ئەحمەد، ٢٠١٢: ٥٩ + Hamasoor, 2006: 4).

لە ڕوی زاراوەییەوە زۆرجار ئاماژە بەوە دەکرێت، کۆمەڵەوشە وشەیەکی دیکەیە بۆ /Cohesion/ و لە دەرئەنجامی پێکەوەهاتنی وشە فەرهەنگییەکانەوە دەستدەکەوێت، کە پێوەندییان بەیەکەوە هەیە، بە مەرجێك لە هەمان ژینگەدابن. ئەو زانایانە بۆچونیان وەهایە، کە پێوەندییەکی لۆژیکی /Cohesive/ لە نێوان هەر جوتە وشەیەکی زماندا دەبێت. ئەگەر ئەو جوتە وشەیە پێوەندییان بەیەکەوە هەبێت، ئەوا ئەو جوتە وشەیە، کۆمەڵەوشەیە، وەك/joke/ (نوکتە) و /laugh/(پێکەنین) /ill/(نەخۆش) و /doctor/ (پزیشك) ...تاد. (Al Halaby, 2000: 8)، یان بە گوتەیەکی دیکە "بەیەکەوەبەستنەوەی وشەکانە، کاتێک دو وشە یا زیادتر بە بەردەوامی بە یەکەوە بەکاردەهێنرێن، بە شێوازێک، کە ڕاستە" (Cambridge, 2003: 233).

### ٣ . ٢: پێناسەی کۆمەڵەوشە

ئەو ناساندن و پێناسانەی بۆ کۆمەڵەوشە کراون، لە چەندین تەوەر و لایەنی جۆراوجۆرەوە خۆیاندەبیننەوە، واتە نوسەرو توێژەران هاوڕا و هاوبۆچون نین، چونکە هەریەکەیان لە گۆشەنیگایەکەوە سەیری کردوە، بۆیە لێرەدا بەپێی پێویستیی بابەتەکە و بۆ زیادتر ڕونکردنەوەو نیشاندانی لایەنەکانی چەند بۆچون و تێڕوانینێک دەخرێتەڕو:

لە فەرهەنگی (Longman)دا "ئەو شێوازەیە، کە هەندێ وشە زۆرجار بە یەکەوە بەکاردەهێنرێن، یان بەستنەوەیەکی تایبەتی وشەکانە بەم ڕێگەیە، بۆ نمونە: /crime/ (تاوان) و /commit/ (کردن/ ئەنجامدان)، کە کۆمەڵەوشەیەکی تایبەتە لە زمانی ئینگلیزیدا" (Longman, 2003: 294)، ئەمەش لە تێڕوانین و بۆونی (Robins)ەوە نزیکە، کە پێیوایە کۆمەڵەوشە "پێکەوەهاتنی نەریتیی وشەیەك لە زمانێکدا، لەگەڵ وشەکانی دیکەی هەمان زمان لە ڕستەدا پەسندەکات" (Robins, 1964: 63)، ئەوەی لەم پێناسەوە جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە کۆمەڵەوشە پێوەندیی بە واتای دەوروبەریی پێکهاتەکانی کۆمەڵەوشەکەوە هەیە. ئەمەش لەگەڵ بۆچونەکانی مینیماڵ پرۆگرام و ئامانجی ئەم توێژینەوەیەدا ناگونجێت، چونکە لەم کارەدا کۆمەڵەوشەو دەوروبەر بە دو شتی جیاواز سەیردەکرێن، بە واتا لە ڕوانگەی ئاڕاستە و کارکردنی مینیماڵەوە کۆمەڵەوشە لە دەرەوەی دەوروبەر لێکدەدرێتەوە.

لای (Palmer)یش کۆمەڵەوشە "تایبەتە بەو هاوڕێیەتییەی وشەکان هەیانە" (Palmer, 1976: 6-7)، لێرەدا مەبەست لەو پێکهاتەو واتایەیە، کە لە ئەنجامی هاوڕێیەتیی وشەیەک لەگەڵ وشەیەکی دیکەدا دێتەئاراوە، یا دو وشە ئەوەندە لەگەڵ یەکدی بەکاردێن، وەکو هاوڕێیان لێدێت. نزیک لەم بۆچونە لە پێناسەیەکی دیکەدا گوتراوە: "کۆمەڵەوشە بە دو وشە یان زیادتر دەگوترێت، کە نزیکن لەیەکەوەو لە دەقێکدا پێکەوەدێن" (Al Halaby, 2000:170)، بێگومان ئەم پێکەوەهاتنەش لە ئەنجامی لێک نزیکی و بونی پێوەندییەوەیە.

لە فەرهەنگی (Cambridge)یشدا پێناسەی کۆمەڵەوشە کراوە بەوەی، کە وشەیەکە یا زیادترە، کە بەردەوام لەگەڵ وشەیەکی دیکەدا بەکاردەهێنرێن، بە ڕێگەیەک بۆ قسەپێکەرانی ڕەسەنی زمانەکە ڕاستە، بەڵام لەوانەیە لە ماناکەیەوە پێشبینی نەکرێت، یا بەکارهێنانی بەردەوامی کۆمەڵێک وشەیە بە یەکەوە، بە ڕێگەی وەها، کە قورسە پێشبینی بکرێت (Cambridge, 2003: 233). هەر نزیک لەم بۆچونەوە (Firth)یش پێیوایە، کۆمەڵەوشە ئاستێکی ئاسۆیی هەیە، کە لە واتای دانەدانەی وشەکان ناتوێژێتەوە، بەڵکو بەشێك لە واتای وشەکەت لە ڕێگەی پێکەوەهاتنەکەوە پێدەدات، بۆ نمونە: وشەکانی /night/ (شەو)، /dark/ (تاریکی). کۆمەڵەوشە زانیاریمان دەربارەی یەکێك لە واتاکانی /شەو/ پێدەدات، کە

بە هۆی پێکەوەهاتنیەتی لەگەڵ تاریکیدا، بۆ تاریکیش بە هەمان شێوەیە (Firth, 1957: 192)، ئەگەر سەرنجبدەین، ئەوا کۆمەڵەوشەی لە ڕوی پێوەندیی پێکەوەهاتنەوە لە نێوان وشە فەرهەنگییە جیاجیاکاندا ناساندوە، بۆیە پێیوایە، کە دەتوانین واتای وشەیەك لە ڕێگەی ئەو وشانەوە بزانین، کە لەگەڵیدا بەکاردەهێنرێن (ئەحمەد، ٢٠١٢: ٦٠).

کەواتە دەشێت، لە ڕوی گریمانەی پێکەوەهاتنیشەوە پەسنی کۆمەڵەوشە بکرێت، بۆ ڕونکردنەوەی زیادتر:

ئەم نمونەیە ڕێگەپێدراوە (قژی ماشوبرنجی)

بەڵام ئەم نمونەیە ڕێگەپێنەدراوە (؟دەرگای ماشوبرنجی)

بەم شێوەیەش کۆمەڵەوشە زنجیرەیەکە لە وشە، کە پێکەوەدێن، لە ژێر سنورداركردندا، بەڵام سنورداركردنی سینتاکسیی (دروستەی ئارگۆمێنت)، بە تەنیا ناتوانێت ئەم پێکەوەهاتنە پەسەندبکات، وەک لە نمونەکەدا خرایەڕو، بەڵکو پێویست بە سنورداركردنی سیمانتیکی و ڕێککەوتنی کۆمەڵ دەکات، کەواتە ئەو وشە و دەربڕاوەیە، کە هاوڕێیەتیکردن (سنورداری) چەسپاوی دو وشەی فەرهەنگیی یان زۆرتریان بە یەک پۆلەڕەگەزەوە یا بە پۆلەڕەگەزی جیاوازەوە تێدایە (مەحوی و ئەوانی دیکە، ٢٠١٠: ٢٤١) بۆیە بە جۆرێکی دیکە دەشێت، بگوترێت:

کۆمەڵەوشە سنورداركردنێکی تایبەتیی پێکەوەهاتنی وشە فەرهەنگییەکانە. یان پێکەوەهاتنی ئاسۆیی وشە فەرهەنگییەکانە (Wouden, 1997: 7)، کەواتە ئەوەی دەردەکەوێت کۆمەڵەوشە ئەو پێوەندییەیە، کە وشەکان پێکەوەو لە پێڕەوێکی دیاریکراودا هەیانە، هەرچی سنورداركردنیشە، ئەوا ئەو کۆت و بەندانە دەگرێتەوە، کە لە بارەی چۆنیەتیی بەکارهێنانی وشەکانەوە پێکەوە لە ئارادان. هەر لەم ڕوانگەیەوە (Yule)یش پێناسەی کردوە، بەبێ ڕەچاوکردنی چەسپاوی دەربڕینەکە، بە جۆرێک لە دیدی ئەم زمانەوانەوە، کاتێك باسی /مێز/ دەکرێت، خەڵك /کورسی/ بیردێتەوە (Yule,1996: 123)، بەم شێوەیە: /نان و کەرە/ و /دەرزی و دەزو/ لە لای ئەم زمانەوانە کۆمەڵەوشەن، تێڕوانینەکەی (Yule)یش نابێتە پێناسەیەکی گونجاو بۆ کۆمەڵەوشە، چونکە بە نمونە: قسەکردن لەبارەی /نان/ەوە گریمانەی زۆری هەیە /ئارد/، /هەویر/، /ئاگر/ و /تەندور/ لەگەڵ خۆیدا بهێنێت. بەڵام ئەمانە نابنە کۆمەڵەوشە.

### ٣ . ٣: سیما و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵەوشە

کۆمەڵەوشە دیاردەیەکی زۆر ئاڵۆزە لەگەڵ هەمو ئەو ئاڵۆزییەی هەیەتی چەند سیمایەک هەیە، کە ئەو دیاردەیە دەستنیشاندەکات، کە بە کۆمەڵەوشە ناودەبرێت، لەوانە: (بڕوانە: ئەحمەد، ٢٠١٢: ٦٥ ـ ٦٦ + مەحوی و ئەوانی دیکە، ٢٠١٠: ٢٥٠ ـ ٢٥٣).

١. کۆمەڵەوشە لە دو وشە یان زیادتر پێکدێت، واتە دروستەیەکی سینتاکسییە، لە دەربڕینیشدا بەپێی پێڕەوی زمانەکە دروستەی خۆی دەردەبڕێت، بە جۆرێک ڕێسای سەرەوریزبونی ئەلەمێنتەکان لە ڕستەی کوردیدا (sov)یە و دروستە مۆرفۆلۆژییەکانیشی سەرکۆتایین، تەنانەت دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکانی تاقی ڕابردوشیان، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە: (شەڕفرۆشتن، شەڕیفرۆشت)، یا (هەڵەکردن، بە هەڵەداچون) لەگەڵ (هەڵەیکرد، بەهەڵەداچو).

٢. پێکەوەهاتنێکی چەسپاوی نائیدیەمییە، بەو واتایەی چەند وشەیەك پێکەوەدێن. چەسپاویی وشەکان وەها دەکات، کە نەتوانرێت لە بری وشەیەك وشەیەکی دیکە دابنرێت، ئەگەر دانرا یان واتا نادروست دەبێت، یان واتاکەی دەگۆڕێت و دەبێت لە ڕوی میتافۆرییەوە لێکبدرێتەوە، بۆ نمونە دەگوترێت: (زۆربڵێ ، کەمبڵێ/ کەمدو)، بەڵام ناگوترێت: (؟زۆردو، ؟زۆرقسە)، یاخود (نانپەیداکردن) بە مانی قوتپەیداکردن بەکاردێت، کەچی (؟لەواشە/ سەمون/ کولێرە پەیداکردن) نا.

٣. بە پێچەوانەی خاڵی پێشو، هەندێک لە کۆمەڵەوشەکان تا ڕادەیەک دەتوانرێت جێگۆڕکێ و لەبریدانان لە ئەلەمێنتەکانیاندا بکرێت، بۆ نمونە (چاوداگرتن : سەرداگرتن)، یاخود (داخستن) لە (سەرداخستن)دا، کە واتاکەی سەردانەواندنە لە ترس، شەرم و تەریقبونەوەدایە، بەڵام لە ڕاستیدا (داخستن) لەگەڵ هەندێک ئەندامی دیکەی لەش

و ناوی دیکەدا دێت، بەڵام بە واتای جیاوازەوە بەکاردەهێنرێت، بە جۆرێک لە (دەمداخستن)دا مەبەست لە بێدەنگبونە، لە (چاوداخستن)یشدا چاوخستنە سەریەکە بە نمونە بۆ نوستن، یاخود لەگەڵ (دەرگا، پەنجەرە و کتێب داخستن)دا.

٤. دەکرێت وشە پێکەوەهاتوەکان لە کاتەگۆری و بەشەئاخاوتنی جیاواز، یا جیاوازنەبن، بۆ نمونە: (قۆری چا، قاسپەی کەو) لە (ناو + ناو) پێکهاتون، یا کۆمەڵەوشەی (بخۆ و بخەوە) لە (کردار + کردار) پێکهاتون، جاریواشە پێکهاتەکان جیاوازن، بۆ نمونە: (مشتێک گەنم، چۆڕێک ئاو) لە (ڕادە + ناو) دروستبون، ناوە لێکدراوەکانی (تەڕەپیاز، کەرەپیاو و سەرەژنیش) لە (ئاوەڵناو یا ئاوەڵناوی ناوئاسا لەگەڵ ناو) پێکهاتون.

٥. جاریواشە کۆمەڵەوشە لە پێکهاتەیەکی ڕێزمانی و وشەیەکی فەرهەنگی پێکدێت، وەك چۆن لە چەند وشەیەکی فەرهەنگی پێکدێت، ئەمەش لە دو ئاستدا خۆیدەبینێتەوە: لە ئاستی سینتاکسدا، کە لەم ئاستەدا کۆمەڵەوشەکان نەبون بە لێکسیم بەڵکو پێوەندییەکی سینتاکسی، کە پێوەندیی سەرەی ڕێزمانی و تەواوکەرە [پێشناو + ناو] بەیەکیانەوە دەبەستێت، بە جۆرێک ئەم پێوەندییە پێماندەڵێت: هەمو پێشناوێک لەگەڵ هەمو ناوێکدا نایەت، یاخود وردتر بڵێین: کاتێک پێشناوێک لەگەڵ ناوێکدا دێت، واتایەک دەگەیەنێت، چونکە پێکەوەهاتنەکە ئەو واتایەی لێدەکەوێتەوە، بۆیە ئەگەر پێشناوەکە بگۆڕین، یا پێکەوەهاتنەکە ناگونجێت، یاخود ڕاستەوخۆ واتاکەیان دەگۆڕێت، بۆ نمونە:

نانەکەم بە ماستەوە خوارد.

؟نانەکەم لە ماستەوە خوارد.

لە ڕستەی دوهەمدا نەگونجاوە، بەڵام بە گۆڕینی پێشبەندەکە واتا و مەبەست دەگۆڕیت:

من نامەکەم بە باپیر نوسی.

من نامەکەم وەک باپیر نوسی.

من نامەکەم بۆ باپیر نوسی.

لەم نمونانەدا بە گۆڕینی پێشناوەکان دەردەکەوێت، کە لە باری یەکەمدا پێشناوی [بە] هۆکاری گەیاندوە، بەڵام [وەک] لێکچوان و [بۆ]ش ئامانجی دیاریکردوە. لە ئاستی مۆرفۆلۆژیشدا کۆمەڵەوشەکان بون بە لێکسیم و وشەی هەڵگوێزراو، بۆ نمونە: (بەپەلە، بەساردی و ...تاد.) بەڵام ناگوترێت: (؟بۆپەلە، ؟لەپەلە، ؟تاپەلە) یا (؟بۆساردی، ؟لەساردی، ؟تاساردی) (بڕوانە: ئەحمەد، ٢٠١٢: ١٢٢، ١٣٩).

٦. لە ڕوی سیمانتیکییەوە لە مێشکدا (ئاوەز و هۆش) پێکەوەدێن و هاوڕێیەتی یەکتردەکەن، چونکە پێوەندییان بە دونیابینی، ئاوەزمەندی و کلتورمانەوە هەیە، بۆیە لە زانستی زماندا و لە بواری سیمانتیکدا بەو جۆرە هاتوە، کە لە فەرهەنگدا دیاریکراوە و چەسپاوە، توخمەکان بەو جۆرە خراونەتەکیەکەوە، بە نمونە (هەڵتەکاندن) لەگەڵ (برۆ: برۆهەڵتەکاندن/ برۆلێهەڵتەکاندن) و (لێداگرتن) لەگەڵ (چاو: چاوداگرتن/ چاولێداگرتن).

## ٣ . ٤: کۆمەڵەوشە لە مینیماڵ پرۆگرامدا

زۆرینەی توێژەر و زمانەوانان هاوڕان لە بارەی ئەوەی مینیماڵ پرۆگرام کارکردنە لە زماندا بە شێوەیەك، دەربڕینەکان سادە و گشتی بن (crystal, 2003: 29)، بە واتایەکی دیکە ئابوریکردنە لە ژمارەی کەرەستەکانی دروستە جۆربەجۆرەکاندا. هەمو پێواژۆیەکانی وشە تەکیەکخستن، بەهۆی پێویستیی دەربڕین و کەرەستەی نوێوە دێنەئاراوە، کە ئەم پرۆگرامە بە مەیدانی کارکردنی خۆیی دەزانێت، لەگەڵ ئابوریکردن لە نواندنی پێکهاتە و دروستەکاندا.

لەم پرۆگرامەدا ئەوە خراوەتەڕو، کە هێڵکاریی درەختی دروستەکان وردەوردە تەواودەکرێن، هەروەها کار بەوەش دەکرێت، کە نیمچە هێڵکاریی درەختی بە ئامادەیی لە نێو فەرهەنگدا بونیان هەیە و لەنێو هێڵکاریی درەختی گەورەتر لە خۆیاندا دادەنرێن. ئەمەش کرۆکی کۆمەڵەوشەیە، چونکە دەگونجێت، نیمچە هێڵکاریی درەختیی کۆمەڵەوشەیەك بێت،

بە ئامادەیی لەنێو دروستەی ڕستەکاندا دابنرێت. بۆ نمونە (ڕەنگی پێست)، دەبێت یەکێك لەم ئاوەڵناوانە بێت /سور/، /سپی/، /ئەسمەر/، /گەنمڕەنگ/ ...تاد.، ناوی /پێست/ ئاوەڵناوی /ئەسمەر/ دیاریدەکات. ئەوە فرێزی (پێستی ئەسمەر)ە، وەها خۆیدەنوێنێت، کە دەبێت بدرێتە پاڵ مرۆڤ، بەم شێوەیە:

- کوڕێکی پێست ئەسمەر
- کچێکی گەنمڕەنگ
- ؟ئەسپێکی پێست ئەسمەر
- ؟دارێکی گەنمڕەنگ (ئەحمەد، ٢٠١٢: ٨٢-٨٣)

## ٣ . ٥: کارکردنی کۆمەڵەوشە لە مینیماڵ پرۆگرامدا


ئەو بنەمایانەی لە ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا خرانەڕو، بۆ شیکردنەوەکان بەس نین، بۆیە لە کۆتایی هەشتاکاندا چۆمسکی بنەمای لێکدانەوەی پراوپڕ (Full Interpretation)ی خستەڕو، کە ئاماژە بەوە دەکات هیچ شتێک لە بونیادی ڕستە و نواندنەکاندا بێ لێکدانەوە نامێنێتەوە، لە کاتێکدا لە پێشتر پێوەرە تەوەرییەکان (Thematic Criterion) بۆ سنورداکردن هەبو لە هەڵبژاردنی نێو سیمانتیکدا، کە پەیوەستە بە ڕۆڵە بابەتییەکان و هەڵاوێرکردنی بەشەئاخاوتنەکان، ئەمەش بۆ سیمانتیك گونجاوە، بەڵام بۆ کۆمەڵەوشە دەستنادات.

کۆمەڵەوشە هەندێکجار ناچارە و هەندێکجاریش ناچار نییە. مەرج نییە ناوێك لەنێو کۆمەڵێك ئاوەڵناودا، تەنها یەکێکیان وەربگرێت، بەڵکو لە هەندێك باردا دەتوانێت ئاوەڵناوی دیکە وەربگرێت، بە مەرجێك ئاوەڵناوەکە لەڕوی سیمانتیکییەوە لەگەڵ ناوەکەدا بگونجێت، کە ئەمەش پێوەندیی بە پلەی چەسپاوی کۆمەڵەوشەکەوە هەیە. ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، کە وشە فەرهەنگییەکان (ناوەکە) ئەو زانیارییانەیان هەڵگرتوە، کە زۆرجار لەگەڵ ئاوەڵناوێکی دیاریکراودا دێن، بۆ نمونە (کوڕی قۆز و کچی جوان)، بەڵام ناگوترێت: (؟کچی قۆز و ؟کوڕی جوان) ئەم زانیارییانە لە هێڵکاریی درەختیی دروستەکاندا هەڵگیراون. ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوەش، باس لە دروستە بەتاڵەکان و پڕکردنەوەیان دەکات، نەك هێڵکاریی درەختی. لەبەر ئەوەیە دەگوترێت: ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە وەڵامێکی پەسنکەرانەی بۆ کۆمەڵەوشە پێ نییە. بەڵام بە هۆی ئەوەی پێواژۆی بەرهەمهێنان لە مینیماڵدا، هەنگاوبەهەنگاوە. دوای ئەوەی هێڵکارییە درەختییە بچوکەکانمان لە فەرهەنگەوە بە ئامادەکراوی بۆ نێو هێڵکارییە درەختییە گەورەترەکە گواستەوە، ئیتر مێشك کاری خۆی بۆ تەواوکردنی دروستەکە بە شێوەیەکی گشتی دەکات (ئەحمەد، ٢٠١٢: ٢٠٨-٢٠٩).


لە فەرهەنگدا زانیاری دەربارەی گۆکردن (pronunciation)، دەروازەی فەرهەنگیی (lexical entries)، کاتیگۆرییە ڕێزمانییەکان، لقە کاتیگۆرییەکان (sub categorization)، لەگەڵ واتادا هەن. هەروەها جگە لەمانە: یاساکانی وشە دارشتن (word formation rules)، یاساکانی لیستکردنی فەرهەنگیی (lexical insertion rules) لەگەڵ لقە کاتیگۆرییانەی توند (strict sub categorization frame)، کە ژمارە و جۆری تەواوکەری کردار دیاریدەکات (قادر، 2011: 8)، هەروەها کام ئاوەڵناو لەگەڵ کام ناوەدا دێت، چونکە ناوەکە سەرەکییە و ئاوەڵناوەکە لاوەکییە. بۆ نمونە ئاوەڵناوێکی وەك /ماشوبرنجی/ تەنها لەگەڵ ناوی /قژ / و /ڕیش/دا دێت، سەرەکیبونی ناوەکە یان لاوەکیبونی ئاوەڵناوەکە لەوەدایە، ئاوەڵناوی /ماشوبرنجی/ لە فرێزەکەدا لاببە واتاکەی تێکناچێت. لە نەخشەکانی خوارەوەدا ئەو زانیارییانە بەشێوەی درەختی زمانی دەخرێنەڕو:

- پیاوێکی قژ ماشوبرنجی هات.

لە نواندنی فەرهەنگیدا:





لە نواندنی سینتاکسیدا:





>سەگی دڕ گۆشت دەخوات <

لە نواندنی فەرهەنگیدا:




لە نواندنی نێو سینتاکسدا:





## ٣ . ٦: نواندنی کۆمەڵەوشە لە مینیماڵ پرۆگرامدا


پار و وەچەپارەکانی پێشو دەستەبەری ئەوە دەکەن، کە لە مینیماڵدا زمان لە دو پێکهاتە پێکدێت: فەرهەنگ و پێڕەوی کۆمپیوتەری زمانی مرۆڤ. فەرهەنگ ئەو ئایتمانە دیاریدەکات، کە دەچنە پێڕەوە ژمێرکارییەکەوە، پێڕەوی ژمێرکاریش ئایتمەکان بۆ دروستکردنی داڕشتە(D) و دروستە پەسنکراوەکان (Syntactical Derivation) بەکاردەهێنێت. کەواتە بەرهەمهێنانی دەربڕینێك لە هەڵبژاردنی ئایتمەکانی فەرهەنگەوە دەستپێدەکات، کە لە فۆرمێکدا دەخرێتەڕو، هەروەها دەبێت لەگەڵ مەرجەکانی دروستەی فرێزیشدا بگونجێت. دواتر لە لایەن پێڕەوە ژمێرکارییەکەوە بۆ دوانەی LF و PFی سنورهاوبەش (Interface) دەنوێنرێت (Chomsky, 1995: 168)، بە واتای ئەوەی بەرهەمهێنانەکە دروستەی زانیاریی فەرهەنگییە و سینتاکسییانە دەنوێنرێت، یاخود خاڵی هەنگاونان بەرەو بەرهەمهێنانی دروستەکان لە فەرهەنگەوە دەستپێدەکات، چونکە پێکهاتەی فەرهەنگ وەک کۆگا کەرەستە خاوەکانی تێدا گەنجکراوە، ئەم کەرەستانە پەیوەست بە ڕێسای پرۆژەسازدانەوە دەبنە تێکردەی پێواژۆ سینتاکسییە یەکلەدواییەکان (سەعید، ٢٠١٩: ٣٦).

ئەمە لە کاتێکدا لە GBدا دروستەی ئامادەکراو هەبو، کە پێیدەگوترا: دروستەی قوڵ، بەڵام لە مینیماڵدا سەرەتای دروستکردنی داڕشتە لە هەڵبژاردنی ئایتمەکانی نێو هەژمارکردن(N)ەوە دەستپێدەکات و دەبێت هەمو ئایتمەکانی نێو


ژماردنەکە بەکاربهێنرێت، دواتر بەهۆی چالاکیی لێکدانەوە ئایتمەکان لێکدەدرێن و دروستە سینتاکسییەکە دروستدەبێت، بۆ نمونە: ئەگەر ژماردنی کۆمەڵەوشەکە لەم ئایتمانە: [ئەو، لە، کەس، قسە، وەرناگرێت] پێکهاتبێت، لە ئەنجامی هەڵبژاردنی [لە، کەس] دارِشتەی [لە کەس] پێکدێت، بەم شێوەیە:





فرێزی پێشناوی [لە کەس] دوای هەڵبژاردنی [وەرناگرێت]، پێکەوە لێکدەدرێن و [لە کەس وەرناگرێت] پێکدێت، بەم شێوەیە:




دواتریش دوای هەڵبژاردنی [قسە] و لێکدانی لەگەڵ [v̄]دا دروستەی [vp] پێکدێت:





دوای ئەوەی VP لەگەڵ کرداری ئەبستراکتی [VP]دا لێکدەدرێت، [ئەو] لە هەژمارکردنەوە هەڵدەبژێرێت، تا لەگەڵیاندا لێکبدرێت:




بەهۆی چالاکیی لێکدانەوە فرێزەکانی [ئەو، قسە] ڕۆڵی سێتا لە لایەن کردارەوە وەردەگرن، بۆ ئەوەی فیچەری دۆخەکانیشیان پاساوبدرێن بۆ سەرە ئەرکییەکانیان دەجوڵێنرێن، کەواتە لە ڕێگەی لێکدانەوە ئارگومێنتەکان ڕۆڵی سێتا لە لایەن پریدیکاتەوە وەردەگرن، دواتریش بەهۆی جوڵانەوە بۆ sspec سەرە ئەرکییەکان دەچن، تا دۆخەکانیان پاساوبدرێت.


شیکردنەوەکان ئەو ئەنجامە دەستدەخەن، کە دروستەکان لە ڕێگەی زنجیرە چالاکییەکی لێکدانی دوانەیی ( Binary Merger Operation)یەوە دروستدەبن، هەروەها دەتوانرێت لە درەختی ئەندازیارییەوە بخرێنەڕو، وەك فرێز نیشانەکەر (phrase-maker) نیشانبدرێن، کە چۆنیەتیی دروستکردنی فرێز و ڕستە لە وەچەپێکهاتە جۆراوجۆرەکان دەخاتەڕو. وەك TP، NP، DP،و ... تاد. مەبەستیش لە فرێز نیشانەکەر نەخشەیەکە، کە دروستەیەك لە گرێی ناونراو (Labelled Nodes) لەخۆدەگرێت، لە لایەن چەند لقێکەوە بە یەکەوە بەستراون و پێوەندیی لەخۆگرتن دەنوێنێت. واتە پێماندەڵێت: کام وەچەپێکهاتە لە وەچەپێکهاتەکانی دیکەدا هەن، بە واتایەکی دیکە چ وەچەپێکهاتەیەك لەخۆدەگرێت، یان دەکەوێتە نێو چ وەچەپێکهاتەیەکەوە؟ (بڕوانە: قادر، ٢٠١١: ١٣٣ ـ ١٣٥).

جێگەی ئاماژەبۆکردنە، ئەگەرچی ناولێنانی کاتەگۆری و ئاستەکانی بار لە دروستەی بارفرێزی مینیماڵدا بەکارنایەت، بەڵام لەبەر ئاسانی لە تێگەیشتن و بەراوردکردندا، درەختی ڕستە بەکارهێنراوە، چونکە لابردنی ئەم زانیارییانە یەکجارەکی لە درەختی ڕستەدا بۆ تێگەیشتن سەرلێشێوێنەرە، بە جۆرێک کۆمەڵەوشەیەکانی: [سەگی هار گۆشت دەخوات] و [پارە پارە دەهێنێت]  ئەگەر بێ ناونانی کاتەگۆری بخرێتەڕو، بەم شێوەیە دەبێت:





لە نمونەی یەکەمەوە دەردەکەوێت، کە ئایتمەکانی [سەگ ـ هار، گۆشت، دەخوات] لە دەستەیەک فیچەر پێکهاتون، کە زانیاری دەربارەی زانیاریی ڕێزمانیی و تایبەتمەندییەکانی هەڵاوێرکردن (Selection Properties) دەگرنەخۆ، بە جۆرێک دەروازەی فەرهەنگیی (هێنان) ئەوەمان پێدەڵێت: کردارێکی تێپەڕە وەک ئارگۆمێنتداواکار داوای دو ئارگۆمێنتی بکەر و بەکار دەکات، (خواردن)یش بە هەمان شێوەیە.


وەک ئەوەی خرایەڕو لە بارفرێزدا ئاستەکانی بار نییە، هەروەها پرۆژەی بێ لقیش نییە، چونکە لە مینیماڵدا جگە لە چالاکیی هەڵبژاردن، کە بریتییە لە هەڵبژاردنی ئایتمەکان لە فەرهەنگ یان هەژمارکردنەوە، چالاکییەکی دیکەش هەیە، کە لێکدانە، واتە کاتێك دو ئایتم لێکدەدرێن، هەر ئایتمێکیان لە کۆمەڵێك فیچەر پێکهاتوە، ئەو ئایتمەی کە پرۆژە دروستدەکات، دەبێتە سەرەی فرێزەکە، لە پێناو ڕونکردنەوەی پتری ئەم گۆڕنکارییە، ئەم نمونەیە بەپێی X-بار و بارفرێز نیشاندەدەین، بەم شێوەیە:




ئەلەمێنتەکانی کۆتایی، واتە [سەگ، ی، بەرەڵلا] دەستەیەک ئەلەمێنتن، DPیش وەک دروستەیەکی سینتاکسی لە NP و D پێکهاتوە، کە تێیدا پێوەندیی دەسەڵات و خوشکایەتی دەبینرێت، بە جۆرێک: DP دەسەڵاتی بەسەر NP2 و Dدا هەیە، هەروەها Dیش دەسەڵاتی هەیە بەسەر D و NP1دا. NP1 (سەگ) و D لە پێوەندیی خوشکایەتیدان، NP2 (بەرەڵلا) و Dیش بە هەمان شێوە لە پێوەندیی خوشکایەتیدان. بەڵام هەمان نمونە بەپێی دروستەی بارفرێز بەم شێوەیە دەنوێنرێت:




لە بەراوردکردنی ئەم دو دایاگرامەی پێشوەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە لە بارفرێزدا دروستەکان بەرەو سادەیی و ئاسانبون ڕۆیشتون، چونکە پرۆژەی ناوەند (X̄) نەماوە، هەروەها پێشتریش ئاماژەمان بەوەدا، کە ناونانی کاتەگۆری یاخود پێڕەوی کاتەگۆری ناولێنراو نەماوە، بەڵام ئێمە لە پێناو تێگەیشتن بەکارمانهێنایەوە، بۆیە ئەگەر بێ ناولێنان بنوێنرێت، بەم شێوەیەی لێدێت:





کەواتە لە دروستەی بارفرێزدا ئەوە ڕوندەبێتەوە، کە جیاوازییەکی لەگەڵ ئێکسباردا ئەوەیە، کە پرۆژەی ناوەندی نییە، واتە (D، NP) خۆیان پرۆژەی ناوەندی و بچوک پێکدەهێنن، ئەمە لە کاتێکدا بەپێی ئێسکبار پرۆژەی بچوك و ناوەند و گەورە هەن و فرێزەکان لە سەرەو سپێك و تەواوکەر پێکدێن، بەم جۆرە:

XP→[YP]


X̄→[ZP]

[XP [YP] [X̄ X [ZP]]]


لە بارفرێزدا بەم جۆرە لێکدان بەردەوامدەبێت، تا ڕستە بەرهەمدێت، لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئایتمە فەرهەنگییەکان و لەیەکدانیان لەگەڵ ئایتمی دیکەدا، نمونەکەی سەرەوە لەگەڵ (شۆڕش ، بەرپاکرد) لێکدەدرێت، کە دروستەکەی بەم جۆرەیە: [بەرپاکرد[شۆڕش[بەرپاکرد]]




وەک لە هێڵکارییەکەوە دیارە، پێوەندیی نێوان V و DP ئەسیمەترییە، مەبەستیش لە ئەسیمەتری جۆرێک لە پێوەندیی نێوان پێکهێنەرەکانی درەختی ڕستەیە، واتە ڕیزبونی ئەلەمێنتەکانی درەختەکەیە، بەپێی هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی و بنەمای لقکردنی کەتیگۆرییانە/Sub-Categorization، وەک ئارگۆمێنتداواکار ئارگۆمێنت هەڵدەبژێرێت، کە ناوێکە، ناوەکەش دەکەوێتە ژێر ڕکێفی کردارەکە و حوکمیدەکات و دۆخی پێدەدات (Aarts, 2001: 12)، کەواتە لە مینیماڵدا و بەپێی گریمانەی VP فرێزی کرداری ناوەکیی بکەر لە شوێنی سپێکی فرێزەکردارییەکەدایە، پاشان دەچێتە ژێر فرێزە کردارییەکەوە، چونکە لە مێشکدا ئەمە شوێنی بنەڕەتیی ڕستەی [کورد شۆڕشی بەرپاکرد.]ە، کە بەم جۆرە دەنوێنرێت:





پرۆگرامی مینیماڵ کۆی هەنگاوەکانی پێوەندییان بەیەکەوە هەیە، بۆیە هەر بەپێی بنەماکانی پرۆگرامەکە کردار چەند فیچەرێکی وەکو ڕێککەوتن/AGR و تاف/Tی تێدایە، بۆیە پێویستە پاساوبدرێن، هەروەها کۆی ڕستەکەش دەچێتە نێو پرۆژەی فرێزی کات کەس/IPەوە، ئەمەش لە پێناو ئەوەی ڕێککەوتن و تافی کردار لەگەڵ فیچەرەکانی فرێزی گیرەکیدا هاونیشانەبکرێن، بەم شێوەیە:




هەروەها بنەمایەکی دیکە، کە پێویستە جێبەجێبکرێت، پرۆژەسازدانی فرەوانکراوە/EPP، بە جۆرێک ئەم بنەمایە پێیوایە: هەمو پرۆژەیەکی گەورە پێویستی بە بکەرێک هەیە، فرێزە ئەرکییەکانی وەکو فرێزی تاف/TP و فرێزی ڕێککەوتن/AGRP و فرێزی کات و کەس/IP خاوەن فیچەری پرۆەسازدانی فرەوانن، بۆیە داوادەکەن DP لە شوێنی

بەرهەمهێنانی خۆیەوە، کە (SPEC-VP)یە بۆ شوێنی (SPEC-IP) بجوڵێت، هەروەها فرێزە دەرخەرییەکەش لە شوێنی خۆیدا کۆپییەک جێدەهێڵێت و دروستەی ڕستەکە بەم شێوەیەی لێدێت:




(بۆ ئەم زانیاری و هێڵکارییانە سودوەرگیراوە لە: عەزیز، ٢٠٢٣: ٦٩ ـ ٧٠)


لە هێڵکاریوشیکاری نمونەکانەوە خرایەڕو، پێوەندیی نێوان پێکهێنەکان دوپەلکییە/Binary، بە واتای ئەوەی لە سینتاکسدا و لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا هەمو پێوەندییەک دوپەلکییە، ئەمە لە کاتێکدا لە ڕێزمانی چاولێکەریدا پێوەندیی لە نێوان پێکهێنەکاندا نادوپەلکی بو، بە جۆرێک هەر پێکهێنێک لە درەختەکەدا بە شێوەی تەخت لقی بۆ خۆی هەبو. پێوەندیی ئەسیمەتریش لەم دوپەلکییەدا دروستدەبێت، یاخود لەسەر بنەمای توخمی زاڵ دێتەکایەوە، بەڵام لێرەدا پرسیاری ئەوە دروستدەبێت، کە ئایا ئەم پێوەندییە بەسەر هەمو دروستەکاندا پیادەدەکرێت؟ بە تایبەت هاوپێوەندەکان، چونکە هەندێک لە دروستەکان لە یەک ئاستی پێوەندیدان، لە نمونەی ڕستە و وشەی لێکدراو، یا فرێزە تەکیەکخراوەکان، کە بە دروستە هاوپێوەندەکان/ Coordinating Structrue ناسراون، واتە ئەو دروستانەی لە پێواژۆی پێکەوەبەستن/ لینککردنی دو پێکهاتە، یا زیادتر، کە بەهۆی بەستەری تەکیەکخستنەوە Coordinating Conjunctionەوە ڕودەدەن، کە مەرجە پێکهاتە خراوەتەکیەکانیان هاوجۆربن (Radford, 2004: 443)، هەروەها لە هەمان ئاستدابن و هەمان بەهایان هەبێت، بۆ ڕونکردنەوەی پتر با بڕوانینە ئەم کۆمەڵەوشە لێکدراوانە:

ـ کەڕواڵ، ژنوماڵ، ماڵومێرد، و ...تاد.


ڕونکردنەوەی پێشو، لەگەڵ ئەم نمونانەدا ئەوە دەردەبڕێت، کە پرۆژەی تەکیەکخراو خستنەتەکیەکی گشت ئەو ئەلەمێنتانەیە، کە لە هەمان کاتەگۆرییەوە هەڵگوێزراون، کە لە ڕوی سینتاکسییەوە گونجاندن و ڕێکخستنیان لەگەڵ یەکدیدا هەیە، بەڵام پرۆژەکە پێویستیی بە هەبونی سەرەیەکی ڕێزمانیی پرۆژەسازدەرە، کە ئەویش مۆرفیمی تەکیەکخستنەکەیە، کە دەبێتە سەرەی ڕێزمانی بۆ ئەم جۆرە دروستانە، مۆرفیمی تەکیەکخستنیش بەو پێیەی سەرەیەکی پرۆژەسازدەرە، دەبێتە پریدیکاتۆری هەڵاوێرکردنی تەواوکار بۆ بەرهەمهێنانی پرۆژەی ناوەندیی دەستەواژیلە و فرێز. لەمەوە دەتوانرێت یاساکە شێوازبەندبکرێت: [[X°+Y]+]

بەپێی یاساکە دەتوانرێتConj° وەک X°ێکی فەرهەنگی، پەیوەست بە نواندنە فەرهەنگییەکەیەوە زانیارییە سینتاکسی و واتاییەکانی بنوێنرێت، لەم ڕوەوە با بڕوانینە ئەم نمونەیە و هەنگاوەکانی جێبەجێبونی ویستی سەرە ڕێزمانییەکەی مۆرفیمی تەکیەکخستن بەپێی ڕێسای پرۆژەسازدان لە هێڵکاریدا:

خزم و خوێش





بەپێی هێڵکاریش نمونەکە بەم شێوەیە:




بەپێی هێڵکاری و ڕونکردنەوەکان مۆرفیمی تەکیەکخستن خوشکی تەواوکەری لای ڕاستە و حوکمیدەکات، هاوکات دەبێتە سەرەی ڕێزمانی دروستەکە و سەرە ئاڕاستەی C-Commandی تەواوکەرەکەی دەکات (بۆ ئەم هێڵکاری و زانیارییانە سود لە: (سەعید، ٢٠١٩: ٩٣ ـ ٩٥) وەرگیراوە).

شیکردنەوەی داتاکانی سەرەوە ڕونیدەکەنەوە، کە هیچ پێوەندییەک نییە دوپەلکی نەبێت، ئەم گریمانەیەش لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا پەسەندکراوە، لە مینیماڵیشدا بیرۆکەی لێکدانەکان پشتبەست بەم گریمانەیە خراونەتەڕو، بە جۆرێک دو ئەلەمێنت لەیەکدەدرێن و پێکهێنێک دادەڕێژن، هەروەها پێوەندیی نێوانیان ئەسیمەترییە، بە واتای ئەوەی یەکێکیان وەچەئاڕاستەی ئەوەی دیکە دەکات (Neelman, et al. 2022: 2-47).

تایبەتمەندییەکی دیکەی بارفرێز ئەوەیە، کە فرە سپێک Multiple Specifiers/ ڕێگەپێدراوە، ئەمەش پێچەوانەی ئێکسبارە، کە ڕێگە تەنیا بە یەک سپێک لە پرۆژەی گەورەدا دەدات، وەک لەم هێڵکارییەدا دەردەکەوێت:





(بۆ ئەم هێڵکارییە، بڕوانە: قادر، ٢٠١١: ١٤٠)

بەپێی ئەم هێڵکارییە، با بڕوانینە ئەم فرێزانە لەگەڵ کۆمەڵەوشەی (گێلەپیاو)دا، کە هاوشێوەی هێڵکارییەکەن، واتە چەند سپێکێک ڕێگەپێدراوە:

ـ دو گێلەپیاو

ـ تەنیا دو گێلەپیاو

ـ هەر تەنیا دو گێلەپیاو




لە تاقیکردنەوەکان و هێنانەوەی بەڵگەکانەوە ئەو ڕاستییە هەڵدەهێنجرێت، کە فرەسپێکی لە مینیماڵدا وەک ئەگەرێک سەیردەکرێت و شایەنی دەرکەوتنە، بە گوتەیەکی دیکە فرەسپێکی لە مینیماڵدا و لە زمانی کوردیدا ڕێگەپێدراوە، بە مەرجێک پێشێلی بنەماکانی ڕۆنانی فرێزەکان نەکات، کە خۆی لە بنەماکانی دوانەیی و دوپەلکی لە درەختەکاندا دەبینێتەوە، لەم ڕوەشەوە چەند گریمانەیەک لەم بارەوە خراونەتەڕو، بە تایبەت گریمانەی وێنەدانەوەی دیاریکەرەکان (Mirrored)، کە بریتییە لە پاساودانی فیچەرێک زیاد لە جارێک (بڕوانە: عەزیز و قادر، ٢٠٢٣: ١٧٢ ـ ١٧٧).

**ئەنجامەکان**

**ئەم توێژینەوەیە، بەم ئەنجامانەی گەیاندین:**

١. کۆمەڵەوشە جیاوازە لە دەربڕاوە چەسپاوەکان، بە جۆرێک پێناسە و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، کە لە دوای ساڵی نەوەدەکانەوە لە لایەن زمانەوانانەوە گرنگییەکی کەموێنەی پێدراوە، هەروەها مینیماڵ پرۆگرامیش دەشێت لێکدانەوەی پەسنکەرانە بۆ کۆمەڵەوشە بخاتەڕو.

٢. کۆمەڵەوشە دروستەی سینتاکسی و گۆکردنی خۆی لە ڕستەدا هەیە، واتە ئەرکی ڕێزمانی بەجێدەهێنێت، و بەکارهێنانی وشەیەک لە کۆمەڵەوشەشدا پێویستی بە ڕێکخستن هەیە، ئەم ڕێککەوتن و پێکەوەهاتنەش لەسەر بناغەی فەرهەنگیی ئاوەزیی قسەکەری زمانەکەیە، ئەگەر ئەم ڕێکخستن و ڕێککەوتنەش نەبێت، ئەوا بێگومان تێگەیاندن و تێگەیشتن، وەک ئەرکی یەکەم و کۆتاییی زمان نایەتەکایەوە.

٣. کۆمەڵەوشە لە زمانی کوردیدا، بەشێکی ئاخاوتنەکانمان پێکدەهێنن بەپێی یاسا و ڕێساکانی مینیماڵ پرۆگرام دیاریدەکرێن و دەخرێنەڕو. ئەمەش چوینەیەکی دروستەیان بەرانبەر بە دروستە سینتاکسییەکانی دیکەی زمان دەگەیەنێت، بە واتا دروستەی سینتاکسی کۆمەڵەوشەی کوردی بە گشتی، لەگەڵ دروستەی سینتاکسی دانە زمانییەکانی دیکەدا چونیەکە و بەپێی یاسا سینتاکسییەکانی زمان دارێژراوە، تەنیا ئەوەندە نەبێت کە بەشێکیان چەسپاون مل نادەن بەو کرانەوە و گۆڕانە بەرفرەوانەی کە ئەوانی دیکە ڕێگەیان پێدەدەن.

٤. تیۆری ئێکسبار (X-bar) لە دەسەڵات و بەستنەوەدا پێوەندیی بە دروستەی فرێزەوە هەبوە، بەڵام لە مینیماڵدا تیۆرێکی نەویستراوە، بە هەمان شێوە گرێی ڕێککەوتن (AGRP) لە سەرەتای مینیماڵ پرۆگرامدا ڕۆڵێکی گرنگی هەبوە لە دروستەی فرێزدا، بەڵام دواتر وازیلێهێنراوە.

5. مینیماڵ پرۆگرام نەخشەیەکی سادە و ساکار بۆ زمان دەخاتەڕو، هەروەها لادان و لابردنی دو ئاستی ژێرەوە و سەرەوە تێیدا ئابوریکردنە لە بەکارهێنان و خستنەڕودا، و لەبری ئەوانە دو پێکهێنی دەنگی و لۆژیکی دارشتەکان بە جیهانی دەرەوە و درکاندن دەبەستنەوە.

6. چۆمسکی لە مینیماڵ پرۆگرامدا بۆچونەکانی خۆی دەباتە ئاستی مێشکەوە،بە جۆرێك دەڕوانێتە زمان، کە سیستەم/پێڕەوێکی تەواو (پڕاوپڕ)ە، بۆ نواندنی سینتاکسیش پێڕەوی کۆمپیوتەریی زمانی مرۆڤ ئایتمەکان لە فەرهەنگەوە هەڵدەبژێرێت، و لە ئەنجامی ژمارەیەك چالاکیی دیکەی وەك: لێکدان، جوڵان، هەژمارکردن و ...تاد. ئایتمە فەرهەنگییەکان بۆ دارشتە یا یەکەی سینتاکسی نەخشەدەکێشرێت، بە جۆرێک هەر دارێژراوێك بە نواندنی (PF) و (LF) دەبەسترێتەوە.

7. لێکدان لە مینیماڵدا بێ سنوردانان نابێت، واتە دەبێت سنورێك هەبێت، لەوەی کە کام لە ئەلەمێنتەکان دەتوانن یەکبگرن، ئەم سنوردانانەش بەپێی فیچەرەکانیان و لە ڕێگەی پاساودانەوە دەبێت، چونکە پاساودان ڕۆڵێکی گرنگی لە دڵنیاکردنەوەی ئەوەی ئەلەمێنتەکان لە شوێنی گونجاوی خۆیاندان هەیە.

**سەرچاوەکان**

ئەحمەد، بێستون حەسەن (٢٠١٢)، کۆمەڵەوشە و پێکەوەهاتن لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

ئەمین، وریا عومەر (٢٠١١)، پیتۆکەکانی زمانەوانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠١٣)، ڕستەسازی ڕۆنانکاری و گوێزانەوە، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

ڕەسوڵ، سەلاح حەوێز (٢٠١٣)، پرەنسیپی ئابوریکردن لە زمانی کوردیدا . لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە و بچوکترین پرۆگرامدا، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە.

عەزیز، عومەر ئەحمەد (٢٠٢٣)، تیۆری پاساودان لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، کەلار.

عەزیز، عومەر ئەحمەد و قادر، صەباح ڕەشید (٢٠٢٣)، فرەدیاریکەریی لە زمانی کوردیدا (زاری ناوەڕاست)، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، Vol.10، No.2، زانکۆی گەرمیان، کەلار.

غەریب، کەمال جەلال (٢٠١٢)، پرۆژەی زاراوەی زانستیی کوردی، چاپی دوهەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

سەعید، سازان زاهیر (٢٠١٩)، نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردییدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

قادر، تارا موحسین (٢٠١١)، زمانی کوردیی و مینیماڵ پرۆگرام، نامەی دکتۆرا، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

قادر، سەباح ڕەشید (٢٠١٠)، تیۆری پاساودان (theory checking)، گۆڤاری ئەکادیمی ـ ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (١٦)، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

قادر، ڕەمەزان حەمەدەمین (٢٠٢٠)، تیۆرەکانی فێربون (جێبەجێکردنی پەروەردەیی)، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی سۆفیا ـ کۆیە، چاپخانەی سایە، سلێمانی.

محەمەد، حاتەم ولیا (٢٠٠٩)، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

مەحویی، محەمەد، قادر، کاروان عومەر و حسێن، شیلان عومەر (٢٠١٠)، دروستەی کردار لە زمانی کوردییدا ـ بنەما و دیاردە، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا (٢٠٢٠)، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی سارا، سلێمانی.

هەژار (١٣٦٩)، هەنبانەبۆرینە (فرهنگ کوردی ـ فارسی)، یک جلدی، چاپ اول، سروش، تهران.

سەعدوڵڵا، سەڵاح (١٩٩٨)، قاموسا (ئینگلیزی ـ کوردی)، چاپی یەکەم، بێ چاپخانە؟ ، بێ شوێن؟.

عبدالحميد، حمد (٢٠٠٤)، البحث العلمي في الدراسات العالمية، الطبعة الثانية، عالم الكتب، القاهرة.

أبو عاصي، حمدان رضوان (٢٠٠٧)، التطورات النظرية و المنهجية للنظرية التوليدية في نصف قرن، مجلة جامعة الشارقة للعلوم الشرعية والإنسانية، مجلد (4) ، العدد (٣)، جامعة الشارقة.

Aarts, B. (2001). *English Syntax and Argumentation*. 2nd edition, Palgrave Macmillan.

Abdulrahman, N.S. (2007). *Argument structure with reference to English and Kurdish* MSc thesis. University of Dohuk: College of Arts.

Al-Halaby, S. N. (2000). *Collocational Expressions in English and Arabic Translation.* Unpublished M.A. thesis. University of Mosul: College of Arts.

Al-Mutairi, F.R., (2014). *The minimalist program: The nature and plausibility of Chomsky's biolinguistics* (Vol. 143). Cambridge: Cambridge University Press.

Boecky, C. (2006). *Liguistic*, Minimalism, Oxford: Oxford University Press.

Cambridge Dictionary. (2003). *Cambridge Advanced Learner's Dictionary*. India: Thomson Press Limited.

Cedric, B. (2006). *Linguistic Minimalism*. UK: Oxford University Press.

Chomsky, N. (1995). *Minimalism Investigation in Linguistic Theory.* London: Routledge.

Collins, C. 2001. Economy conditions in syntax. in M. Baltin and C. Collins (eds.), The handbook of contemporary syntactic theory. Oxford: Blackwell, pp. 45-61.

Cook, V. J. & New son, M. L. (1997*). Chomsky's Universal Grammar*. Oxford: Black Well.

Corver, N.and Nunes, J.eds (2007). *The copy theory of movement* (Vol. 107). John Benjamins Publishing, Amsterdam/ Philadelphia.

Crystal, D. (2003). *A Dictionary of Linguistics & Phonetics*. [5th ed.]. Oxford: Black Well.

Firth J. R. (1957). *Modes of Meaning: Papers in linguistics:* (1934-1951), London: Oxford University Press.

Epstein, S. & Seely T.D. (2002). *Derivation and Explanation in the Minimalist Program*, John Wiley & Sons, USA.

Hamasoor, S. A. (2006). *A Syntactic and semantic study of collocation in English and Kurdish*. University Of Sulamani: College Languages.

Heine, B. & Narrog, H. (2010). *The Oxford Handbook of Linguistics Analysis*, New York: Oxford University Press Inc.

Holmberg, A. (2000). *The Role of Inflection in Scandinavian Syntax*. Oxford University Press.

Longman Dictionary. (2003). *Longman Dictionary of Contemporary English*. UK: Pearson Education Limited.

Neelman, A. Philip, J. Tanaka, M. & De Koot, H. (2022). *Syntactic Asymmetry and Binary Branching,* University collage of London.

Palmer, F. R. (1976). *Semantics. A New Outline*. Great Britain: Cambridge University Press.

Van Valin jr. R. D. (2001). *An Introduction to syntax.* Cambridge: Great Britain: Cambridge University Press.

Radford, A. (2004). *English Syntax An Introductio*. United Kingdom: Cambridge University Press.

Wouden, T. V. (1997). *Negative Contexts: Collocation, Polarity, and Multiple* Negation*,* London: Routledge.